گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 5, No. 4, pp. 909–926, December.-2017
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی بەناوخۆنەکردنی فەیسبووک "توێژینەوەیەکی ئۆنلاینە لە هەرێمی کوردستانی عێراق"

**عزالدين عبدالصمد رسول**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق-(Izaddin.rasool@hotmail.com)

وەرگرتن: 2017/06 پەسەندکرن: 2017/09 بەلاڤکرن: 2017/12 https://doi.org/10.26436/2017.5.4.486

**پوختە:**

لە رۆژگاری ئەمرۆدا جیهان بەچەندین گۆڕانکاریدا تێپەڕدەبێت و کوردستانیش بەهەمان شێوە، بەڵام بەرێژە و شێوەی جیاواز. ئەم گۆڕانکارییانەش کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی و تاك بەشێوەیەکی تایبەت دادەنێن. یەکێك لەم گۆڕانکارییانە بریتییە لە شێوازی پەیوەندیکردن بەتایبەتی لەڕێگەی ئەنترنێت و زۆر تایبەت تر لەڕێگەی ماڵپەڕی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە بەشێوەیەکی خێرا ڕوودەدات، وهیچ سنورێکی جوگرافی وکاتی نەهێشتووە، بەشێوەیەك بەلایەنی نەرێنی و ئەرێنی بەکاردەهێنرێت. لەڕێگەی ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکانەوە دەتوانرێت وەك ئامرازێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت و، پەیوەندی دروست بکرێت لەگەڵ زانکۆکان و رۆژنامە و دەزگاکانی راگەیاندن و کتێبخانە ومۆزەخانە و بازاڕەکان و بانکەکان و پڕۆگرام و یارییە ئەلکترۆنییەکان و، بەڵکو لەگەڵ هەموو جیهان و بۆ هەموو مەبەستێك و تاڕادەیەك شتێك نییە مرۆڤ لە ڕێگەی ئەنترنێتەوە دەستی پێنەگات. لایەنی کۆمەڵایەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لایەنێکی هەرە گرنگە کە مرۆڤەکان دەتوانن پەیوەندی بەیەکەوە بکەن و نامە بگۆڕنەوە و زانیارییەکان ئالوگۆڕبکەن.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەیە کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە تاکەکان ئازاد نەبن لە بەکارهێنانی فەیسبووك لەونێوەندەشدا هەندێکیان پەنا دەبەنەبەر ناوی خوازراو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتییە لە میتۆدی چەندێتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی پرسیارنامە. هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەش بریتییە لە هەرێمی کوردستانی ئێراق، جۆر و قەبارەی نموونەکە بریتییە لە نموونەیی(تۆپەڵە بەفر) بە قەبارەی (107) کەس (84) نێر و (23) مێ. ئەنجامەکان نیشانیدەدەن کە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان وەك ترس لە داب و نەریت و متمانە نەبوون بەدەورووبەر و ئەندامانی کۆمەڵگە بە ڕەگەزی بەرامبەر هۆکارێکی کاریگەرە کە وا لەتاکی کورد دەکات کە لە کاتی بەکارهێنانی فەیسبووك ناوی ڕاستەقینەی خۆی بەکارنەهێنێت.

**پەیڤێن سەرەکی:** هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و فەیسبووك.

## 1. دەروازە

لەم ساڵانەی دواییدا، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین بڵێین هەندێك کەس پێوەی ئالوودە بوون و بووە بە پێویستییەکی رۆژانە بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی مرۆڤ و بۆ زۆر مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت وەك بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گلۆباڵ، دۆزینەوەی کار و هاوسەر و هاورێ، دروست کردن گرووپی کار و پارتی سیاسی و گرووپی فشار و گۆڕینی سیستەمی سیاسی. ماڵپەری تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەك فەیسبووك بووە بە دیاردەیەکی نێودەوڵەتی و یەکێك لە ئامرازە گرنگەکانی پەیوەندیکردن. هەروەها ئەنترنێت بووە بە توخمێکی سەرەکی لە رێنیشاندەری ژیانی رۆژانە[1]. ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر فەیسبووك. لەم چەند ساڵەی دواییدا فەیسبووك بەشێوەیەکی زۆر خێرا گەشەی کرد تا ئەو رادەیەی پێشبرکێی ماڵپەرە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەکات و بووە بە دووەم ماڵپەری کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی جیهان لە دوای ماڵپەری گوگل [2] و هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە رووی بەکارهێنان و سەردانیکەرەوە لە دوای یوتیوبەوە دێت [3]. ئەم هۆکارانە وایان لە توێژەران لە گشت بوارەکان کرد کە توێژینەوە لەسەر خێرایی گەشەسەندن تۆرەکان و هۆکاری بەکارهێنانی و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی و تاك بەشێوەیەکی تایبەت ئەنجام بدەن.

ملیۆنەها کەس ماڵپەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم زانیارییان دەربارەی هەیە کە لەبەرچی و چۆن

بەکاریدەهێنن (4). لە ئێستادا فەیسبووک بووە بە بەناوبانگترین ماڵپەری تۆڕی کۆمەڵایەتی ئۆنلاین لە نێوان قوتابیان(5). گەنجەکان زیاتر لە بەتەمەنەکان فەیسبووک بەکاردەهێنن، بەشێوەیەکی تر قوتابیانی قۆناغی یەکەم زیاتر فەیسبووک بەکاردەهێنن بە بەراورد بە قوتابیانی قۆناغی چوار(6). هەر لەم سۆنگەیەوە بەپێی توێژینەوەیەک بە ڕێژەی (68.5٪) گەنجان و هەرزەکاران بەشێوەیەکی بەردەوام فەیسبووک بەکاردەهێنن و، فەیسبووک زۆرترین بەکارهێنەری هەیە بە بەراورد بە ماڵپەرەکانی تر(7). ڕێژەی بەکارهێنەرانی فەیسبووک ڕۆژ بە ڕۆژ بەشێوەیەکی بەرچاو لە زیادبووندایە، بۆ نموونە لە ساڵی2005، 5.5ملیۆن کەس بەکاریان دەهێنا، لە ساڵی 2007، 21 ملیۆن کەس و ئەم ڕێژەیە لە دیسمبەری 2009 زیادیکردووە بۆ 350 ملیۆن بەکارهێنەر(8). لە نوێترین ئاماری بەکارهێنەرانی فەیسبووک کە لەسەر تۆڕەکە بڵاوبۆتەوە ڕێژەی بەشداربووان لە زیادبووندایە و تا 30 سێپتەمبەری 2016 ڕۆژانە ڕێژەی بەکارهێنەران 1.18 ملیار کەسە و، ساڵانە بە ڕێژەی (17٪) زیاد دەکات (9).

فەیسبووک زیاتر لە 1 ملیار کەس بەکاریدەهێنن لەسەر ئاستی جیهان و هەموو مانگێک زیاتر لە 70 ملیار برگەی لە ناوەڕۆک شیردەکرێت (10). لە لایەکی تر(Abdelraheem, 2013[11]) ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە لە ئێستادا زیاتر لە 800 ملیۆن لە بەشداربووانی فەیسبووک زیاتر لە 30 بلیۆن پارچە لە ناوەڕۆک هاوبەشییێدەکەن لەهەر مانگێکدا لە بەستەری (Link) تۆڕەکان، چیرۆکی هەواڵەکان، پۆستکردنی بلۆگ (Blog posts)، تێبینییەکان، ئەلبومی وێنەکان. هەروەها فەیسبووک ڕێگایەکی نوێی داهێنا بۆ پەیوەندیکردن(12). لەسەرەتادا وەک سەکۆیەک (Platform) بۆ هاوبەشیپێکردنی (Share) وێنەکان، گفتوگۆکردنی ئارەزووی هاوبەش و، سەرباری کارلێککردنی کۆمەڵایەتی نەریتی، بوون بە سەرچاوەیەک بۆ گۆڕان لە کایەی جیاواز (13). لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە ئەمریکا نزیکەی هەموو هەرزەکاران ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن، بە ڕێژەی 90٪ ئەو هەرزەکارانەی تەمەنیان لە نێوان 13-17 ساڵییە هەندێک لە ڕێگاکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتییان بەکارهێناوە. لەم سەردەمەدا بە ڕێژەی 75٪ هەرزەکاران پرۆفایلیان هەیە لەسەر ماڵپەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لە ئێستادا فەیسبووک بەتەواوی زاڵبووە بەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە لەنێوان هەرزەکارانەوە بەکاردەهێنرێت: 68٪ گشت هەرزەکاران لە ئەمریکا دەڵێن فەیسبووک ماڵپەری سەرەکی تۆڕی کۆمەڵایەتیانە، بەرامبەر بە 6٪ بۆ تویتەر، 1٪ گوگل پلەس و 1٪مای سپایس بەکاردەهێنن و، بە ڕێژەی 25٪ پێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییان نییە. زۆربەی هەرەزۆری هەرزەکاران ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی و دیجیتاڵی گەیاندن بووە بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەیان، بەشێوەیەک بە ڕێژەی 68٪ لە هەرزەکاران هەموو ڕۆژێک دەق (Text) دەنێرن و، بە ڕێژەی (51٪) ڕۆژانە سەردانی پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن (14). زۆربەی ئەمریکییەکان بە لایەنی کەمەوە ماڵپەڕێکی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن، هەروەها ئەمریکییەکان کات لەسەر ماڵپەرە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەسەردەبەن زیاتر لە ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی ئۆنلاینی تر(15).

لەسەر ئاستی جیهان چەندین جۆری ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی بەچەندین زمانی جیاواز هەیە کە گرنگترینیان ئەمانەن: Facebook، Viber، MySpace، Flickr، Linkedln، Mixi، Classroom Tumblr، Bebo، Twitter، Google(16).

فەیسبووک گەورەترین سیستەمی تۆڕی کۆمەڵایەتی جیهانییە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی و گۆڕینەوەی زانیاری کە لە ساڵی 2004 دروستکراوە (17).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە باس لە ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بکەین و ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی تاکی کورد ئازاد نەبێت لە بەکارهێنانی یاخود لە ناونانی ئەکاونتی تایبەت بەخۆی، بەڵکو نازناو بەکاردەهینێت. ئەم توێژینەوەیە لە پێنج تەوەر پێکدێت: تەوەری یەکەم باس لە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە دەکات. لە تەوەری دووەمدا باس لە چوارچێوەی توێژینەوەکە دەکەین. تەوەری سێیەم بریتییە لە خستنە ڕوو و شیکردنەوەی داتاکان و تەوەری چوارەم بۆ تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوە و تەوەری کۆتایی تەرخانکراوە بۆ ڕاسپاردە و پێشنیازەکان.

## 2. ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

### 1.2. ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین باس لە گرفت، گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە بکەین:

**1.1.2. گرفتی توێژینەوەکە:** هەرچەندە لەم ڕۆژگارەدا زۆربەی تاکەکانی کوردستان فەیسبووک بەکاردەهێنن، بەڵام تارادەیەک بەهۆی هۆکاری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایینی ئازاد نین لەبەکارهێنانی. لەم سۆنگەیەوە گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە توێژینەوە لەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی تاکەکان ئەکاونتی فەیسبووک بەناوی خۆیان نەکەن.

**2.1.2. گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی هەر توێژینەوەیەک لەو دیاردەیە یاخود بابەتە سەرچاوە دەگرێت کە توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێت و ئەو ئەنجامانەش کە لە کاتی توێژینەوەدا پێیان دەگات، دەکرێ گرنگی ئەم تویژینەوەیەش لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

1- تارادەیەک توێژینەوە لەبارەی فەیسبووک کەمە، بۆیە ئەم توێژینەوەیەش دەبێتە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بۆ توێژەران.

2– یەکێکە لە یەکەمین توێژینەوەی ئەکادیمی کۆمەڵناسیی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کە لە ڕێگای ئۆنلاین ئەنجام بدرێت ئەمەش ڕێگا بۆ توێژەران خۆش دەکات کە ئەم جۆرە میتۆدە بەکاربهێنن بۆ کۆکردنەوەی داتا بۆ توێژینەوە لە بری میتۆدی کۆن ئەمەش دەتوانرێت ئەنجام بدرێت لە ڕێگای تۆرە کۆمەڵایەتییەکان یاخود ئیمیلی تایبەت.

3– ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بۆ زانینی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی بەناوخۆنەکردنی فەیسبووک، ئەمەش یارمەتی توێژەران دەدات بۆ ئەوەی توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکەن و کار لەسەر ڕۆشنبیری تاک بکەن لەکاتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیا بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی.

3.1.2. **ئامانجی توێژینەوەکە:** توێژینەوە لەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی تاکەکان ئازاد نەبن لە بەکارهێنانی فەیسبووک یاخود ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانە چیین کە وا لە تاکی کورد دەکات ئەکاونتی فەیسبووکەکەی بەناوی خۆی نەکات یاخود نازناو بەکاربهێنێ.

## 3. چوارچێوەی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین باس لە چوارچێوەی توێژینەوەکە بکەین کە بریتییە لە میتۆدی توێژینەوە، قۆناغەکانی ئامادەکردنی پرسیارنامە، جۆری پرسیارەکان، ژمارەی بەشداربووان، ئاستەنگەکانی لایەنی مەیدانی و شیکردنەوەی داتاکان.

### 1.3. میتۆدی لێکۆڵینەوە:

ئەم توێژینەوەیە دەکەوێتە چوارچێوەی میتۆدی چەندایەتی. پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە لە ڕێگای ئۆنلاین بە پشت بەستن بە بەرنامەی LimeSurvey کە پرۆگرامێکی مۆدێرنە بۆ کۆکردنەوەی داتا لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا. بۆ ئەم توێژینەوەیە نموونەی مەبەستدار وەرگیراوە بۆ ئەو کەسانەی کە فەیسبووکیان بەناوی خۆیان نییە و نازناو و وێنەی جیاواز بەکاردەهێنن. لە ڕێگای نموونەی تۆپەڵە بەفر. نموونەی تۆرەکان یاخود تۆپەڵە بەفر هەندێکجار بەکاردێت بۆ گەیشتن بە نموونەی توێژینەوە کاتێك لیستی پێویست نییە بۆ بەکارهێنان وەك چوارچێوەی نموونە. ئەو میتۆدە گرنگە کاتێك توێژینەوە لەسەر بابەتێکی شاراوە یاخود گوماناوی ئەنجامدەدەین. نموونەی تۆپەڵە بەفر تەنیا لەو کاتەدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت کاتێك کە ئەندامانی نموونەی مەبەستدار تێوەگلاون یاخود بەشدارن لە هەندێك جۆری تۆڕ لەگەڵ کەسانی تر کە هەمان خاسیەتی هاوبەشیان هەیە، ئەوەش لایەنی بەهێزی و لاوازی میتۆدەکەیە. ئەو میتۆدە پێکدێت لە پەیوەندیکردن بە ئەندامێك لە گرووپەکە بۆ توێژینەوە و داوای لێدەکرێت ئەگەر بێتو کەسێکی تر بناسێت کە لە هەمان گرووپ بێت. ئەو تاکانەی هەڵدەبژێردرێن و پرسیاریان لێدەکرێت بۆ ناساندنی یاخود گەیشتن بە کەسانی تر، ئەمە بەردەوام دەبێت هەتاوەکو نموونەی تەواو دەست دەکەوێت و باشتر وایە لە شوێن و چینی جیاوازبێت [18]. تۆپەڵە بەفر بریتییە لەو ڕێگایەی کە هەڵبژاردنی بەشداربووان بەیارمەتی هەڵبژاردن یاخود گواستنەوەی جیادەکرێتەوە بەوەی کە لەکاتی هاتنە خوارەوەی دەبێتە چەند تۆپێکی بچووك ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر پەڵهاوێشتن و بڵاوبوونەوە [19].مەبەست لەبەکارهێنانی لە توێژینەوەکەماندا بریتییە لە گەیشتن بەزۆرترین بەشداربووکە فەیسبووك بەکاردەهێنن و لەبەرئەوەی گەیشتن پێیان و دۆزینەوەیان کارێکی ئاسان نییە، چونکە نازناو بەکاردەهێنن و ئامانجیشیان ئەوەیە کە کەس نەیانناسێتەوە.

### 2.3. قۆناغەکانی ئامادەکردنی پرسیارنامە:

لێرەدا باس لە قۆناغەکانی ئامادەکردنی پرسیارنامە دەکەین کە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە تا قۆناغی کۆتایی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوە:

1.2.3. **قۆناغی ئامادەکردن:** لەم قۆناغەدا توێژەر دوای خوێندنەوەی سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشووتر کە پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکە هەبوو ڕەشنووسی پرسیارنامەکەیان ئامادەکرد.

2.2.3. **قۆناغی هەڵسەنگاندن:** دوای ئامادەکردنی یەکەم ڕەشنووسی پرسیارنامەکە دەستمانکرد بە دابەشکردنی بەسەر بەشێك لە قوتابیانی بەشی کۆمەڵناسی بۆ هەڵسەنگاندنی قۆناغی یەکەمی پرسیارنامەکە، دوای گەڕانەوەی و خوێندنەوەی تێبینیەکان و گۆڕانکاری تێیدا لە قۆناغی دواتر دابەشمانکرد بەسەر چەند پسپۆڕێکی• بەشی کۆمەڵناسی بۆ هەڵسەنگاندنی پرسیارنامەکە و زانینی لایەنی زمانەوانی و جۆری پرسیارەکان کە گونجاوە لەگەڵ نموونە و ئامانجی توێژینەوە. دوای کۆکردنەوەی پرسیارنامەکان وەك زۆربەی پرسیارنامەکانی تر دەستمانکرد بە لابردنی هەندێك پرسیار و زیادکردنی هەندێك پرسیاری تر لەگەڵ تێکەڵکردنی هەندێك پرسیار.

3.2.3. **قۆناغی تاقیکردنەوە:** پاش کۆتایهێنان بە چاککردنی تێبینییەکان و ئامادەکردنی شێوەی کۆتایی پرسیارنامەکە توێژەر پرسیارنامەکەی دووبارە تاقیکردەوە لە ڕێگای دابەشکردنی بەسەر بەشێك لە قوتابیانی بەشی کۆمەڵناسی بەشێوەی فۆرم تا تەواو دڵنیابین لە ئامادەبوونی پرسیارنامەکە دواتر لەڕێگای ئۆنلاین ئەویش بە پۆست کردنی لە ڕێگای ئیمیلی تایبەت بۆ چەندین کەس بۆئەوەی بزانین تا چەند پرسیارنامەکە ئامادەیە و ئەکتیڤە لەبەرئەوەی تاڕادەیەك یەکەم پرسیارنامەیە لەبەشی کۆمەڵناسی کە بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام بدرێت بۆیە توێژەر بەپێویستی زانی تاقیبکرێتەوە تا بەتەواوی دڵنیابێت پێش ئەوەی بڵاوبکرێتەوە.

### 4.2.3. قۆناغی کۆتایی یاخود بڵاوکردنەوەی پرسیارنامە:

پاش دڵنیابوون لە ئامادەبوونی پرسیارنامەکە بۆ بڵاوکردنەوە توێژەر لینکی پرسیارنامەکەی لە سەر لاپەرەی فەیسبووکی تایبەتی خۆی بڵاوکردەوە و لەگەڵ چەندین تێبینی وەك جۆری نموونەی توێژینەوە (لەبەرئەوەی بەپێی ناونیشان و ئامانجی توێژینەوە هەموو کەسێك نەیدەتوانی بەشداری بکات، واتە تایبەت بوو بەو کەسانەی کە ئەکاونتی فەیسبوك بەناوی خۆیان نییە) و چۆنیەتی پرکردنەوە و پارێزراوی وەڵامەکان و ئازادکردنی هاورێیان و بەشداربووان لە شیکردنەوە و بڵاوکردنەوەی پرسیارنامەکە لەسەر لاپەرەی تایبەتی خۆیان یاخود ناردنی بۆ ئەو هاورێیانەی کە ئەکاونتی فەیسبووکەکە بەناوی خۆیان نییە بۆ ئەوەی زۆرترین کەس بەدەستی بگات و بتوانێ بەشداری بکات. ماوەی پرکردنەوەی پرسیارنامەکە لە نێوان ڕێکەوتی( 2016/4/26 تا 2016/7/20) واتە نزیکەی سێ مانگی خایاند. لەم ماوەیەدا تەنیا( 5) کەس لە هاورێکانم شیریان کرد هەرچەندە من لە تێبینیەکان ئاماژەم پێکرد کە هەرکەسێك شیری دەکات با ئازاد بێت تەنانەت بە نامەی کەسیش پەیوەندیم پێیان کرد.

ئەم توێژینەوەیە بۆ کۆکردنەوەی داتا پشتی بە بەرنامەی LimeSurvey

http://kurdishsociologysurveys.com/limesurvey/index.php?r=admin/authentication/sa/login

بەستووە، کە پرۆگرامێکی ئۆنلاینە بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی داتا بەکاردێت بەتایبەتی پرسیارنامە.

### 3.3 جۆری پرسیارەکان:

ئەم توێژینەوەیە دوو جۆر پرسیار لە خۆدەگرێت:

1.پرسیارە داخراوەکان: ئەم جۆرە پرسیارە داوا لە بەشداربووان دەکات وەڵامێکی تایبەت هەڵبژێرن لە بەرامبەر چەند وەڵامێك کە لە بەرامبەر پرسیارەکە بۆیان دیاریکراوە، لە(2) وەڵام تا چەندین وەڵام دیاریکراوە بۆ بەشداربووان و، دەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

- پرسیاری دووانە: لەم جۆرە پرسیارانەدا وەڵامەکە بە هەڵبژاردنی (بەڵێ) یاخود (نەخێر)ە، وەك پرسیاری ژمارە (13) لە پرسیارنامەکە.
- پرسیاری لە هەڵبژاردنێك زیاتر: ئەم جۆرە پرسیارە زیاتر لە وەڵامێکی هەیە وەك پرسیاری (23) و لە هەندێك پرسیاری تردا ڕێگە بە بەشداربووان دەدات زیاتر لە وەڵامێك هەڵبژێری وەك پرسیاری (19).

2.پرسیارە کراوەکان: ئەم جۆرە پرسیارەش دەتوانین لە پرسیارنامەی ئەلکترۆنی بەکاربهێنین کە ئازادییەکی تەواو بە بەشداربووان دەدات لە وەڵامدانەوە یاخود دارشتنی وەڵامەکانیان وەك پرسیاری ژمارە (12).

### 4.3. ژمارەی بەشداربووان:

لەماوەی پرکرنەوەی پرسیارنامەکە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێیدا و پێکهاتبوو لە (25) پرسیار،( 202) کەس فۆرمەکەیان پرکردەوە،( 107) بەشداربوو بەشێوەیەکی تەواو فۆرمەکەیان پرکردەوە و( 95) بەشداربووش هەموو پرسیارەکانیان وەڵام نەداوە بۆیە لە لایەن توێژەرەوە تێکەڵ بە ژمارەی کۆتایی بەشداربووان نەکرا، لەبەرچەندین هۆکار:

- هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێیدا و لە ناونیشانی توێژینەوەکەش دیارە کە توێژەر مەیدانییەکەی بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجامداوە و سروشتی ئەو پرۆگرامەش وایە ئەگەر بێتوو هەموو وەڵامەکان تێکەڵ بکرێن ئەوا ئەنجامێکی تەواوت پێنادات بۆ هەموو پرسیارەکان.
- سروشتی پرۆگرامەکە بەشێوەیەکە کە هەر کەسێك لینکی پرسیارنامەکە بکاتەوە ئەوا و ئەژماردەکرێت کە بەشداری کردووە، لەبەرئەوە ئەو ژمارە زۆرە فۆرمەکانیان بەشێوەی پرنەکراوە بەجێ هێشتووە، بۆ نموونە چەندین هاورێی فەیسبووکم هەرچەندە لەبەر ئامانجی توێژینەوەکە بۆیان نەبوو بەشداری بکەن( کە تایبەت بوو بەو کەسانەی ئەکاونتی فەیسبوك بەناوی خۆیان نییە واتە ناوی خوازراو بەکاردەهێنن)، بەڵام هەر لینکی توێژینەوەکەیان دەکردەوە و ئاگاداریان دەکردمەوە کە پرسیارەکانیان بینیوە و رای خۆیان پێدەگوتم.
- هەروەها زانیاریان لەسەر سروشتی پرۆگرامەکە نەبوو ئەمەش بەرای من کارێکی ئاساییە لەبەرئەوەی تاڕادەیەك زۆر بۆ زۆربەیان یەکەم توێژینەوەی ئۆنلاینە و دەیانویست بزانن چۆن ئەنجامدەدرێت تا سوودی لێ وەربگرن یاخود فێری بن لەداهاتوودا بەکاری بێنن وەك میتۆدێکی مۆدێرن واز لە میتۆدە کۆنەکە بێنن.

### 5.3. ئاستەنگەکانی لایەنی مەیدانی:

زۆربەی توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان بە تایبەتی کۆمەڵناسی لە لایەنی مەیدانیدا توشی کۆمەڵێك گرفت دەبن هەر لە وەڵامنەدانەوەی بەشداربووان یاخود ئامادەنەبوونی مرۆڤەکان بۆ شیرکردنی زانیارییەکان لەگەڵ کەسانی تر تا دەگاتە گرنگی نەدان بە توێژینەوەی زانستی یاخود تێنەگەیشتن لە ئامانجی توێژینەوەی زانستی. لەم توێژینەوەیەدا تووشی چەندین گرفت بووم بەتایبەت کە میتۆدێکی نوێم هەڵبژارد بۆ کۆکردنەوەی داتا و بەربەستەکان دەتوانین کورت بکەینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە:

- هەروەکو لە پێشدا باسمکرد لەبەرئەوەی توێژینەوەکە بەشێوەی ئۆنلاین بوو و یەکەمجار بوو بۆیە کاتێکی زۆری پێویست بوو تا فێری پرۆگرامەکە بووین لە ڕێگای پەیوەندیی کردن بە هاوەڵانی خوێندن و خوێندنەوەی سەرچاوە و تەماشاکردنی ڤیدیۆی فێرکاری بەتایبەتی ئەو پرۆگرامە بە زمانی کوردی نییە ئەوا کاتێکی زۆری خایاند.

- نزیکەی سێ مانگ لەسەر ماڵپەڕی خۆم و هاوڕێیان دامان نابوو تەنها( 107)کەس بەشێوەیەکی تەواو بەشداریان کردبوو لەبەرامبەر ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك بەتایبەتی چینی خوێندەوارکە فەیسبووکیان هەیە و ژمارەیەکی زۆریش بەتایبەتی لە ڕەگەزی مێ کە ئەکاونتەکانیان بەناوی خۆیان نییە ئینجا لەبەر هەر هۆکارێك بێت کە لە لایەنی مەیدانی باسی دەکەین.
- نەبوونی گیانی هاوکاری بەهێز لە کوردستاندا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەبەرئەوەی هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێیدا تەنیا(5) کەس ئامادەبوون شێری لینکی توێژینەوەکە بکەن ئەگەرچی توێژەر( 447) هاوڕێی هەیە لە فەیسبووک، ئەمەش سەرەرای ئەوەی ئاگاداری هاوڕێیانمان کردبۆوە کە شێری لینکەکە بکەن تاوەکو زۆرترین کەس بەدەستی بگات و زۆرترین کەس بەشداری بکات.

### 6.3. شیکردنەوەی داتاکان:

لەقۆناغی کۆتاییدا پاش داخستنی پرسیارنامەکە لە ڕێکەوتی 2016/7/20 دەستمانکرد بە گواستنەوەی گشت داتاکان بۆ بەرنامەی Excel لەوێش پاش ڕێکخستنەوەی داتاکان و دروست کردنی خشتە بۆ هەر پرسیارێك، داتاکانمان گواستەوە بۆ فایلی Word ئینجا دەستمان کرد بە شیکردنەوەی داتاکان کە لە بەشی داهاتوو دەیخەینە ڕوو.

## 4. خستنە ڕوو و شیکردنەوەی داتاکان

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین شیکردنەوە بۆ هەموو ئەو داتایانە بکەین کە پێی گەیشتووین لە لایەن بەشداربووانەوە و سەرەتادا بە شیکردنەوەی لایەنی دیمۆگرافیای نموونەی توێژینەوەکە دەست پێدەکەین.

خشتەی (1): دابەشکردنی نموونەی توێژینەوە بەگوێرەی دیمۆگرافیا و کەسایەتی تایبەت بە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، پیشە، باری کۆمەڵایەتی، شوێنی لە دایك بوون و نیشتەجێبوون و ئاستی خوێندەواری) ڕوون دەکاتەوە.

| گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 84 | 78.50 | 107 |
| | مێ | 23 | 21.50 | |
| تەمەن | 22 - 18 | 13 | 12.14 | 107 |
| | 27-23 | 24 | 22.42 | |
| | 32-28 | 35 | 32.71 | |
| | 37-33 | 16 | 14.95 | |
| | 42-38 | 17 | 15.88 | |
| | 47-43 | 1 | 0.93 | |
| | 48- زیاتر | 1 | 0.93 | |
| پیشە | قوتابی | 29 | 27.10 | 107 |
| | فەرمانبەر | 27 | 25.23 | |
| | مامۆستا | 44 | 41.12 | |
| | بێکار | 2 | 1.86 | |
| | کاسب | 1 | 0.93 | |
| | هی تر | 4 | 3.73 | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 42 | 39.25 | 107 |
| | خێزاندار | 59 | 55.14 | |
| | جیابۆوە | 6 | 5.60 | |
| شوێنی لە دایک بوون | ناوەندی پارێزگا | 54 | 50.46 | 107 |
| | قەزا | 15 | 14.01 | |
| | ناحیە | 13 | 12.14 | |
| | گوند | 25 | 23.36 | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوەندی پارێزگا | 68 | 63.55 | 107 |
| | قەزا | 13 | 12.14 | |
| | ناحیە | 14 | 13.08 | |
| | گوند | 12 | 11.21 | |
| ئاستی خوێندەواری | بێ بڕوانامە | 0 | 0.00 | 107 |
| | بڕوانامەی بنەڕەتی | 0 | 0.00 | |
| | ئامادەیی | 10 | 9.34 | |
| | دبلۆم | 5 | 4.67 | |
| | زانکۆ | 53 | 49.53 | |
| | خوێندنی باڵا | 39 | 36.44 | |

لە خشتەی (1)دا خەسڵەتە دیمۆگرافی و کەسییەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون کراوەتەوە، بۆمان دەردەکەوێت:

1- ڕەگەز: بەشداربووان بە ڕێژەی (78.50٪) لە ڕەگەزی نێر پێکهاتوون، ڕەگەزی مێ ڕێژەی (021.5٪)نموونەکە پێکدەهێنن. بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژە لە ڕەگەزی نێرن ئەمەش بەرای توێژەر کارێکی ئاساییە لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەگەزی نێر خاوەن بڕیارە و تاڕادەیەك بەتایبەتی لە خێزانە پارێزگارەکان ئازادی زیاترە بۆ بەکارهێنانی ئەنترنێت و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگە لەبەرئەوەش بوو‌بێت کە توێژەر هاوڕێی کچی کەمە لە فەیسبووك. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەش پشتگیری لە ئەنجامی توێژینەوەی عبوب (2012)[20] دەکات کە بەرزترین ڕێژە (55٪) لە ڕەگەزی نێر بوو. لە توێژینەوەیەکی تردا کە لە لایەن نومار

(2012[21]) ئەنجامدراوە گەیشتۆتە بەرزترین ڕێژە (73.57٪) کە فەیسبووک بەکاردەهێنن لە ڕەگەزی نێر بووە. ئەم ئەنجامەش دووپاتی یاخود پاڵپشتی لە ئاماری ماڵپەڕی socialbackers.com دەکات کە ئاماژەی بەوە کردووە لەسەرەتای ساڵی 2012 ژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبووک لە جەزائر لە ڕەگەزی نێر گەیشتۆتە (68٪) [22]. بەهەمان شێوە لە دواین سەرژمێرییدا کە لە کۆمەڵگە عەرەبیەکان ئەنجامدراوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەکارهێنەرانی فەیسبووک بە ڕێژەی (64٪) لە ڕەگەزی نێرن [23]. هەروەها توێژینەوە جەندەریەکان ئەوەدەردەخەن کە ڕەگەزی نێر زیاتر کۆنتاکتی (پەیوەندیی) کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت بۆ مەبەستی تۆڕەکان و لەم ڕێگایەوە دەگات بە پیشەی زیاتر لە ڕەگەزی مێ[24].

2- تەمەن: لە کۆی 107 بەشداربوو، بە ڕێژەی (12.14٪)ی نموونەکە تەمەنیان لەنێوان 18-22 ساڵییە،بە ڕێژەی (22.42٪) تەمەنیان لەنێوان 23-27 ساڵییە، بە ڕێژەی (32.71٪) تەمەنیان لەنێوان 28-32 ساڵییە، بە ڕێژەی (14.95٪) تەمەنیان لە 33-37 ساڵییە، بە ڕێژەی (15.88٪) تەمەنیان لە نێوان 38-42 ساڵییە. هەروەها کەمترین ڕێژە کە (0.93٪) تەمەنیان لە نێوان 43-47ساڵی و 48 ساڵی بەرەو سەرەوەیە.

لە خشتەی (1)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەرزترین ڕێژە (67.27٪) تەمەنیان لە نێوان (18-32) ساڵییدایە، ئەم ئەنجامەش پاڵپشتی لە ئەنجامی توێژینەوەی عبدالله (2014[25]) دەکات کە لە هەولێر ئەنجامدراوە و بەرزترین ڕێژە (86.99٪) کە تەمەنیان لە نێوان (18-23) ساڵییە ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیای نوێ بەکاردەهێنن. هەروەها لە توێژینەوەیەکی تردا کە لە کۆمەڵگای جەزائر ئەنجامدراوە بەرزترین ڕێژە (79.46٪) کە تەمەنیان لە نێوان (15-25) ساڵییە و لە پاشان تەمەنی (26-36) بە ڕێژەی (73.37٪) فەیسبووک بەکاردەهێنن، ئەم ئەنجامەش چاوەڕنکراوە لەبەرئەوەی زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گەنجان و هەرزەکاران زیاتر ئەنترنێت و ماڵپەرە کۆمەڵایەتییەکان و چاتەکان بەکاردەهێنن ئەمەش لە ئەنجامی زۆری داواکارییەکانیان بەرامبەربە توێژی تەمەنەکانی تر[26].

3- پیشە: زۆربەی تاکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (41.12٪) مامۆستان، بە ڕێژەی (27.10٪) بەشداربووان قوتابین، ڕێژەی(25.23٪) فەرمانبەرن، ڕێژەی (1.86٪) بێکارن، ڕێژەی(0.93٪) کاسبن. کە چی ڕێژەی(3.73٪) نموونەی توێژینەوە پیشەی دیکەیان هەیە.

4- باری کۆمەڵایەتی: ئەوانەی (سەڵت)ن ڕێژەی (39.25٪) نموونەکە پێکدەهێنن، لە بەرامبەریشدا ڕێژەی (55.14٪) خێزاندارن وبە ڕێژەی (5.60٪) تاکەکانی نموونەکە جیابوونەتەوە.

5- شوێنی لە دایك بوون: زۆربەی تاکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (50.46٪) شوێنی لە دایك بوونیان ناوەندی پارێزگایە، ڕێژەی (14.01٪) لە قەزا لە دایك بوون، ڕێژەی (12.14٪) لە ناحیە لە دایك بوون و بە ڕێژەی (23.36٪) لە گوند لە دایك بوون.

6- شوێنی نیشتەجێبوون: بەرزتری ڕێژە(63.55٪) نموونەکە لە شار دادەنیشن، ڕێژەی (12.14٪)ی تاکەکانی نموونەکە لە قەزا دادەنیشن، ڕێژەی (13.08٪) لە ناحیە دادەنیشن و بە ڕێژەی (11.21٪) شوێنی نیشتەجێبوونیان گوندە.

7- ئاستی خوێندەواری: هیچ کەسێك لە بەشداربووان بێ بڕوانامە و بڕوانامەی بنەرەتییان نییە، واتە کۆی گشتی بەشداربووان خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەن، بەڵام بە ئاستی جیاواز. زۆرینەی تاکەکانی نموونەکە ئاستی خوێندەوارییان دەگاتە زانکۆ کە ڕێژەی(49.35٪) نموونەکە پێکدەهێنن و بە ڕێژەی (36.44٪) بڕوانامەی خوێندنی باڵایان هەیە. لە بەرامبەردا کەمترین ڕێژە(4.67٪) بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە و بە ڕێژەی (9.34٪) لە ئاستی ئامادەییدان.

لە خشتەی (1)دا دەردەکەوێت کە ژمارەیەکی زۆری بەشداربووان پیشەیان مامۆستایە و ئاستی خوێندەوارییان زانکۆ و خوێندنی باڵایە ئەمەش ڕەنگە پەیوەندیی بە خودی پیشەی توێژەرەوە هەبێت لەبەرئەوەی زۆربەی هاوڕێکانی لە فەیسبووک ئاستی خوێندەوارییان بەرزە و ئەمەش وایکردووە لە نموونەی توێژینەوەکە ڕەنگبداتەوە. هەرچەندە لە دەروازەدا ئاماژەم بۆ ئەوە کردبوو کە توێژینەوەکەمان تایبەتە بەو کەسانەی کە فەیسبووکیان بەناوی خۆیان نییە بەڵام زۆربەیان فۆرمەکەیان پڕکردۆتەوە. لە لایەکی تر، هۆکارێکی تر ئەوەیە کە لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا هەندێك لە قوتابیانی زانکۆ و دەرچووی زانکۆ زیاتر لە ئەکاونتێکی فەیسبووکیان هەیە و بۆ مەبەستی جیاواز بەکاری دەهێنن وەك مەبەستی کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی و سیاسی (لە خشتەکانی داهاتوودا باسی ئەو بابەتە دەکەین).

8- ئاستی خوێندەواریی (باوك و دایك) ی بەشداربووان

خشتەی (٢): ئاستی خوێندەواری دایک و باوکی بەشداربووان ڕووندەکاتەوە

| ئاستی خوێندەواری | باوک | | دایک | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| بێ بڕوانامە | 53 | 49.53 | 94 | 87.85 |
| بڕوانامەی بنەڕەتی | 21 | 19.62 | 8 | 7.47 |
| ئامادەیی | 8 | 7.47 | 3 | 2.80 |
| دبلۆم | 17 | 15.88 | 1 | 0.93 |
| زانکۆ | 8 | 7.47 | 1 | 0.93 |
| خوێندنی باڵا | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 |
| کۆی گشتی | 107 | 100.00 | 107 | 100.00 |

لە خشتەی (2)دا دەردەکەوێت کە زۆربەی بەشداربووان باوك و دایکیان بێ بڕوانامەن، ئەوانیش باوك بە ڕێژەی (49.53٪) و دایك بە ڕێژەی (87.85٪)، بە ڕێژەی (19.62٪) باوکیان بڕوانامەی

بنەڕەتیان هەیە و بە ڕێژەی (7.47٪) دایکیان. هەروەها ڕێژەی (7.47٪) تاکەکانی نموونەکە باوکیان بڕوانامەی ئامادەیی هەیە و بە ڕێژەی (02.8٪) دایکیان. لە بەرامبەردا بە ڕێژەی (15.88٪) لە نموونەی توێژینەوە باوکیان بڕوانامەی دبلۆمی هەیە و بە ڕێژەی (0.93٪) دایکیان. کەچی ڕێژەیەکی کەمی تاکەکانی نموونەکە کە دەکاتە(7.47٪) باوکیان بڕوانامەی زانکۆی هەیە و بە ڕێژەی (0.93٪) دایکیان. هەروەها هیچ کەسێك لە بەشداربووان باوك و دایکیان بڕوانامەی خوێندنی باڵایان نەبوو.

زۆربەی باوك و دایکی نموونەی توێژینەوە بێ بڕوانامەن یاخود ئاستی خوێندەوارییان نزمە ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە وەك هۆکاری سیاسی کە لەسەردەمی منداڵی ئەواندا قوتابخانە لە زۆربەی گوندەکان نەبوو و هەڵی خوێندنیان نەبوو بەبەراورد بە تاکەکانی نموونەکە کە زۆربەیان ئاستی خوێندەوارییان بەرزە ئەمەش لەوانەیە هۆکاری ئەوە بێت کە تاکەکان ئێستا زیاتر گرنگی بە خوێندن دەدەن و هەڵی خوێندنیش لە هەموو کاتێك زیاترە بۆ نموونە لە پێش ڕاپەڕین زانکۆیەك هەبوو لە کوردستان کە چی ئێستا زیاتر لە 20 زانکۆی حکومی و تایبەت هەیە. هەروەها ئێستا هیچ پاڵەپەستۆیەکی سیاسی لەسەر گەنجان نییە و زیاتر گرنگی بە خوێندەواری و بڕوانامە دەدرێت.

9- باری ئابووری

خشتەی (٣): باری ئابووری نموونەکە دەخاتەڕوو

| باری ئابووری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر باشە | 5 | 4.67 |
| باشە | 27 | 25.23 |
| مام ناوەندییە | 68 | 63.55 |
| خراپە | 7 | 6.54 |
| کۆی گشتی | 107 | 100.00 |

لە خشتەی(3)دا دەردەکەوێت کە زۆربەی (63.55٪) تاکەکانی نموونەکە باری ئابووریان مام ناوەندییە و بە ڕێژەی (325.2٪) باری ئابووریان باشە، لە بەرامبەردا کەمترین ڕێژە (4.67٪)ی نموونەکە باری ئابووریان زۆرباشە وبە ڕێژەی (6.54٪)ی نموونەکە باری ئابووریان خراپە. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامەکانی خشتەی (1)دا یەکدەگرێتەوە لەبەرئەوەی زۆربەی ئەندامانی نموونەکە مامۆستان و ئاستی خوێندەوارییان بەرزە و لە ئێستادا ئەم چینە زۆربەی گرفتی ئابوورییان هەیە، چونکە هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی ئابووری سەخت تێپەردەبێت ئەمەش لەوانەیە بەهۆی نزمبوونەوەی نرخی نەوت بێت لە بازارەکانی جیهاندا ئەمەش لەبەرئەوە کە حکومەتی هەرێم پشتی بە نەوت دەبەستێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان و بژێوی ژیان و خزمەتگوزارییەکان.

10- ژمارەی ئەکاونتی فەیسبوك

لە خشتەی (4)دا دەردەکەوێت کە زۆربەی زۆری تاکەکانی نموونەکە کە ڕێژەیان(85.98٪) ئاماژەیان بەوە کرد کە تەنیا(1) ئەکاونتی فەیسبووکیان هەیە لەبەرامبەردا بە ڕێژەی (49.3٪) لە بەشداربووان(2) ئەکاونتیان هەیە و بە ڕێژەی (3.73٪) لەبەشداربووان(3) ئەکاونتیان هەیە و تەنیا (1) بەشداربوو ئاماژەی بەو کرد کە لە سێ ئەکاونت زیاتری هەیە.

11- ئەگەر لە(1) ئەکاونت زیاترت هەیە، هۆکار چییە؟ ئەم پرسیارە پەیوەندی بە پرسیاری پێشەوە هەیە، ئەم پرسیارەش لەبەرئەوە کراوە تا هۆکاری هەبوونی زیاتر لە(1) ئەکاونتی فەیسبوك بزانین، لە کۆی(15)کەس کە وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە تەنیا(6) بەشداربوو هۆکارەکانیان ڕوونکردۆتەوە، وەڵامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

خشتەی (٤): ژمارەی ئەکاونتی فەیسبووک لای تاکەکانی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| ژمارەی ئەکاونتی فەیسبووک | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ ئەکاونت | 92 | 85.98 |
| ٢ ئەکاونت | 10 | 9.34 |
| ٣ ئەکاونت | 4 | 3.73 |
| زیاتر لە ٣ | 1 | 0.93 |
| کۆی گشتی | 107 | 100.00 |

- "یەکێکیان بەناوی خۆمەو ئەوی تریش بەناوێکی تر، چونکە لەو فەیسبووکەی کە بەناوی خۆمە ناتوانم هەموو بیروڕاکانی خۆم دەربڕم ،بەڵام لە فەیسبووکەکەی تر بە ئازادی دەتوانم بیروڕای خۆم دەربڕم چونکە کەس نازانێ منم" (بەشداربووی ژمارە 8).
- "شەش ئەکاونتم هەیە. دووانیان بەناوی خۆمەو چواریان بەناوی ترە. گیرۆدەی ئەو کلتورە فاشیلە بووین کە دەستی بەسەر کۆمەڵگادا گرتووە، کۆمەڵگای ئیفلیج کردووە"(بەشداربووی ژمارە 13).
- "چونکە لە ئەکاونتی ڕەسمی خۆم ناتوانم بە شێوەیەکی ئازادانە ڕای خۆم دەربڕم ..."(بەشداربووی ژمارە 16).
- "تەرخانی دەکەم بۆ بەڕێوەبردنی گرووپێکی فەیسبوك"(بەشداربووی ژمارە 23).
- "یەکێك خێزانییە، دووەم بۆ برادەرانە"(بەشداربووی ژمارە 30).
- "دانەیەك بۆ زانیاری سیاسی و دانەیەك بۆ زانیاری گشتی" (بەشداربووی ژمارە 44).

دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەوانەی کە زیاتر لە (1) ئەکاونتییان هەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە کوردستاندا ئازاد نین لەبەرئەوە زیاتر لە ئەکاونتێکیان هەیە ئینجا ئازادی کۆمەڵایەتی بێت یاخود سیاسی. ئەم هۆکارەش زۆربەی کاتەکان وا لە تاك دەکات کە گوشارێکی کۆمەڵایەتی، دەروونی و سیاسی لەسەربێت و هەست بە ئارامی نەکات

تا بەشێوەیەکی ئازاد ڕای خۆی دەربڕێت و چی دەوێت بیلێت بۆیە پەنا بۆ هۆکاری تر دەبات تا ئەوەی لە ناخیدایە بیهێنێتە واقیع. هەندێکیشیان بۆ مەبەستی بواری خۆیان بەکاریدەهێنن، بۆ نموونە قوتابیانی زانکۆ گروپێك دروست دەکەن تا لەوێوە ئاگاداری هەواڵەکان و چالاکییەکان بن. هەندێکی تریان تا ئاشکرا نەبن لەلایەن خێزانەکانیان بۆیە زیاتر لە ئەکاونتێکی فەیسبووکیان هەیە.

12– ئایا فەیسبووکەکەت بەناوی خۆتە؟

خشتەی (٥): ئایا فەیسبووکەکەت بەناوی خۆتە لای نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| فەیسبووکەکەت بەناوی خۆتە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 97 | 90.65 |
| نەخێر | 10 | 9.34 |
| کۆی گشتی | 107 | 100.00 |

لە خشتەی (5)دا دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژە(90.65٪) لەبەشداربووان ئەکاونتی فەیسبووکەکەیان بەناوی خۆیانە، لەبەرامبەردا بە ڕێژەی (9.34٪) نموونەکە فەیسبووکەکەیان بەناوی خۆیان نییە و نازناو بەکاردەهێنن.

13– هۆکاری هەندێك لەو بەشداربووانەی کە فەیسبووکەکەیان بەناوی خۆیان نییە: ئەم پرسیارە پەیوەندیی بە پرسیاری (13) هەیە، ئەم پرسیارەش لەبەرئەوە کراوە تا هۆکاری بەناوخۆنەکردنی ئەکاونتی فەیسبووك بزانین، لە کۆی (10) کەس کە وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە، هۆکارەکانیان ڕوونکردۆتەوە، وەڵامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

- "لەبەرئەوەی ناتوانم" (بەشداربووی ژمارە 11).
- "دانەنانی فەیسبووك بەناوی خۆم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە وەك (لایەنی ئەمنی) و (لایەنی کۆمەڵایەتی) و (ئارەزووی خۆم) بۆ ئاشکرانەبوونی کەسایەتییەکەم و ئاشکرانەکردنی ئەو کارانەی کە دەیان کەم" (بەشداربووی ژمارە 13).
- "حەزم لەو ناوە بووە لەبەرئەوە لە ناوەکەی خۆم نزیکە"(بەشداربووی ژمارە 15).
- "چونکە ئەو داب و نەریتە و فۆرم و بەهایەی کە لەکۆمەڵگادا بوونی هەیە کاریگەری هەیە لەسەرمان"(بەشداربووی ژمارە 18).
- "کورتکراوەی ناومە. لە سەرەتا ئەو ناوەم هەڵبژارد، ئێستاش ئەکاونتم بەوە ناسراوە بۆیە نامەوێ بیگۆڕم" (بەشداربووی ژمارە 38).
- "ئەوەیە جاری وا هەیە ئاد و نامەی هەڵە دێت کە بێزارت دەکەن هەر وا باشترە کە بەناوی خۆت نەبێ تاکو خەڵکی بێزارت نەکەن"(بەشداربووی ژمارە 40).
- "بەهۆی نەبوونی متمانە و هاك کردن" (بەشداربووی ژمارە 43).
- "هۆکاری ئەوەی کە لەکۆمەڵگەی کوردیدا فەیسبووك بەناوی کەسی بەکارهێنەرەوە نییە بەتایبەتی کچان بەهۆی دروست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی بۆیان لە لایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە و بێزارکردنیان " (بەشداربووی ژمارە 56).
- "زۆرجار بەناونەکردنی فەیسبووك بەناوی خۆتەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە و ئەو خێزانەی کە تێیدا دەژی"(بەشداربووی ژمارە 58).
- "چونکە کەسانێك هەن دەبنە هۆی بێزارکردن لە زۆر لایەنەوە، یاخود کەسانێك هەن فەیسبووك بەناوی کەسێك دەکەن کەوا عەداوەتێکی لەگەڵدا هەیە بەناوی ئەوەوە قسەی ناشیرین بەکەسانێك دەلێت کە ببێتە هۆی ئەوەی لە داهاتوودا توشی کێشەی بکات" (بەشداربووی ژمارە 62).

14– دانانی وێنە لەسەر پرۆفایل

هەروەکو دەیبینین لە خشتەی (6)دا زۆربەی نموونەکە بە ڕێژەی (74.76٪) وێنەی خۆیان داناوە لەسەر پرۆفایلی خۆیان لەبەرامبەردا بە ڕێژەی (25.23٪) وێنەی خۆیان دانەناوە ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە کە لە خشتەی (7)دا باسی دەکەین.

خشتەی (٦): دانانی وێنە لەسەر پرۆفایلی فەیسبووك ڕووندەکاتەوە

| ئایا وێنەی خۆت داناوە لەسەر پرۆفایلەکەت؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 80 | 74.76 |
| نەخێر | 27 | 25.23 |
| کۆی گشتی | 107 | 100.00 |

هەرچەندە هۆکارەکان لە کۆمەڵگەیەکە و بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە کوردستاندا، لە هەندێك خێزانی پارێزگار ڕێگە بە ئەندامەکانیان بەتایبەتی کچ ئەگەر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆش بێت نادەن تا وێنەکانیان لەسەر پرۆفایلەکانیان دابنێن بەڵام لە کۆمەڵگایەکی پێشەکەوتوو لەوانەیە وێنە هەر گرفت نەبێت ئەوەی گرفت بێت دانەنانی ژمارەی مۆبایل، ناونیشانی ماڵەوە و ڕەگەز و تەمەن بێت. لە توێژینەوەیەك کە لەلایەن([27]) ئەنجامدراوە ئاماژە بەوە کراوە کە لە نموونەی 4540 قوتابی واتە بە ڕێژەی (90٪) وێنەی خۆیان لەسەر پرۆفایلەکانیان دادەنێن و بە ڕێژەی (87.8٪) ڕۆژی لە دایك بوونیشیان دەنووسن. لە توێژینەوەیەکی تردا کە لە کۆی 63 لە نموونەی توێژینەوە تەنیا 4 کەس لە بەکارهێنەرانی فەیسبووك هەموو زانیارییە ئەلکترۆنییەکانیان دادەبەزێنن([28]). بەهەمان شێوە (Ellison et al., 2007[29]) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە کۆی 286 قوتابی لە نموونەی توێژینەوە تەنیا ڕێژەی (21٪) ژمارەی مۆبایلەکانیان لەسەر پرۆفایلەکانیان

دادەنێن. هەروەها لە توێژینەوەیەکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ژمارەیەکی زۆر کەم بە ڕێژەی (7.9٪) لە بەشداربووان لایەنی فیزیکی ئاشکرا دەکات و بە ڕێژەی (10.5٪) ژمارەی مۆبایلیان لەسەر پرۆفایلەکانیان دادەنێن ([30]). لە لایەکی تر (Christofides et al., 2009[31]) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە قوتابیان ئارەزوو ناکەن ژمارەی مۆبایلیان لەسەر پرۆفایلەکانیان دابنێن (24٪)، و ناونیشانی ماڵەوەیان بە ڕێژەی (4٪).

ئەنجامی ئەم توێژینەوانە پێمان دەڵێن کە ئاشکراکردنی وێنە کەسییەکان یاخود دانانی وێنە لەسەر پرۆفایلی فەیسبوک گرفتێك نییە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان، بەڵکو گرفت، بۆ نموونە لە ئاشکراکردنی ناونیشانی ماڵەوە و ژمارەی مۆبایل سەرچاوە دەگرێت. بەڵام، بەپێچەوانەی ئەو ئەنجامانە لە کۆمەڵگەی کوردی چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتیی هەیە کە وا لە تاکی کورد دەکات بەتایبەتی ڕەگەزی مێ وێنەی خۆی بەکارنەهێنێت لەسەر پرۆفایلەکەی کە لەخشتەی داهاتوو دەیخەینە ڕوو.

خشتەی (٧): هۆکاری دانەنانی وێنە لەسەر پرۆفایل لای نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| هۆکارەکانی دانەنانی وێنە لەسەر پرۆفایل | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ترس وەک داب و نەریت | 11 | 40.74 |
| دروست بوونی گرفت | 6 | 22.22 |
| پێت باش نییە | 3 | 11.11 |
| لەبەرنەبوونی متمانە بە هاوڕێکانت | 5 | 18.51 |
| هۆکاری تر | 2 | 7.40 |
| کۆی گشتی | 27 | 100.00 |

15– ئەگەر وەڵامت بە "نەخێر"ە، هۆکار چییە؟

لە خشتەی (7)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی تاکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (74. 40٪) بەهۆی ترس لە داب و نەریت وێنەی خۆیان لەسەر پرۆفایل دانەناوە، بەدوای ئەویشدا ڕێژەی (22.22٪) بەهۆی دروست نەبوونی گرفت و بە ڕێژەی (11. 11٪) پێیان باش نییە وێنەیان دابنێن، بە ڕێژەی (18.51٪) بەهۆی نەبوونی متمانە بە هاوڕێکانیان وێنەی خۆیان دانانێن. ڕێژەیەکی کەمیش بەهۆی هۆکاری تر وێنەی خۆیان دانەناوە، ئەوانیش (7.40٪) نموونەکە پێکدەهێنن، بەشداربووانیش ئاماژەیان بەم هۆکارانەی خوارەوە کرد:

- هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاوەکو ئێستاش کۆمەڵگای ئێمە بەشێك لە تاکەکان زۆر بەشێوەیەکی دواکەوتووانە دوور لە ڕۆشنبیری و پێشکەوتوویی بیردەکەنەوە و وێنەی کەسەکان بەهەڵە بڵاودەکرێتەوە یاخود دەستکاری دەکرێت بۆیە ڕێژەیەکی زۆر لەوانەی فەیسبووکیان هەیە وێنەی خۆیان دانانێن بەتایبەتیش ڕێژەی کچان.
- لەبەرئەوەی ڕەسمەکەم دانەناوە تاوەکو بڵاونەبێتەوە نەبێتە کێشە بۆم.

لەم وەڵامانەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان وەك داب و نەریت، جیاوازی جەندەری، دواکەوتوویی کۆمەڵگە، ترس لە ڕەگەزی بەرامبەر و ڕێگە نەدانی خێزان یاخود ترس لە ئەندامانی خێزان و چەندین هۆکاری تری کۆمەڵایەتی وا لە هەندێك تاکی کورد بەتایبەتی ڕەگەزی مێ دەکات کە ئەکاونتی فەیسبووکەکەیان بەناوی خۆیان نەکەن.

خشتەی (٨): کات بەسەربردنی ڕۆژانە لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ڕۆژانە چەند کات بەسەر دەبەی لە بەکارهێنانی فەیسبووک | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لە 10 دەقیقە | 1 | 0.93 |
| 10-30 دەقیقە | 10 | 9.34 |
| 30 دەقیقە زیاتر تا 1 کاتژمێر | 14 | 13.08 |
| 1 کاتژمێر زیاتر تا 2 کاتژمێر | 36 | 33.64 |
| لە 2 کاتژمێر زیاتر تا 3 کاتژمێر | 18 | 16.82 |
| لە 3 کاتژمێر زیاتر | 28 | 26.16 |
| کۆی گشتی | 107 | 100.00 |

16– بەکارهێنانی فەیسبووك

لە خشتەی (8)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەزۆربەی تاکەکانی نموونەکە کە ڕێژەیان (33.64٪) ڕۆژانە لە کاتژمێرێك تا 2 کاتژمێر فەیسبووك بەکاردەهێنن. لە کاتێکدا ڕێژەی (26.16٪) ڕۆژانە لە 3کاتژمێر زیاتر فەیسبووك بەکاردەهێنن. هەروەها ڕێژەی (16.82٪)ی نموونەکەش ڕۆژانە لە 2 کاتژمێر زیاتر تا 3 کاتژمێر فەیسبووك بەکاردەهێنن. لەبەرامبەردا کەمترین ڕێژە (0.93٪)ی نموونەی توێژینەوەکە ڕۆژانە کەمتر لە 10 دەقیقە فەیسبووك بەکاردەهێنن، بە ڕێژەی (9.34٪) ڕۆژانە لە 10–30 دەقیقە فەیسبووك بەکاردەهێنن و بە ڕێژەی (13.08%) لە 30 دەقیقە تا 1 کاتژمێر ڕۆژانە فەیسبووك بەکاردەهێنن.

کەواتە زۆربەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕۆژانە لە یەك کاتژمێر زیاتر فەیسبووك بەکاردەهێنن. ئەم ڕێژەیەش تاڕادەیەك دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی تر کە هەندێك لە تاکی کورد تووشی ئالوودەبوونی بەکارهێنانی فەیسبووك بوون. هەروەها بەپێی توێژیینەوەیەك یەك لەسەر سێی ئەلمانەکان فەیسبووك بەکاردەهێنن و ئەمریکییەکانیش بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕۆژانە لە 20 دەقیقە زیاتر فەیسبووك بەکاردەهێنن ([32]). بەڵام، (Petersen and Johnston, 2015[33]) لە توێژینەوەکەیاندا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بەشداربووان ڕۆژانە 1–2 کاتژمێر فەیسبووك بەکاردەهێنن، لەهەمانکاتدا توێژەران (Johnston et al., 2013[34]) لە توێژینەوەکەیاندا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە قوتابیانی زانکۆی باشوری ئەفریقیا ڕۆژانە 10–30 دەقیقە فەیسبووك بەکاردەهێنن.

لە لایەکی تر(Abdelraheem, 2013[35]) لە توێژینەوەکەیدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بە ڕێژەی ( 30.8٪) لە ڕۆژێکدا زیاتر لە 2 کاتژمێر زیاتر بەسەردەبەن، ڕێژەی (25 ٪) ڕۆژانە 1 کاتژمێر بەسەردەبەن،( 20٪) لە نموونەی توێژینەوە 2 کاتژمێر زیاتر بەسەر دەبەن و بە ڕێژەی ( 22.5٪) ڕۆژانە نیو کاتژمێر بەسەردەبەن. هەروەها زیاتر لە (50٪) قوتابیان ڕۆژانە 2 کاتژمێر یاخود زیاتر بەسەردەبەن لەسەر ماڵپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها(Ellison et al., 2007[36]) لە توێژینەوەکەیاندا کە 800 قوتابی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وەرگیراوە لە زانکۆی میشیگان لە ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە لە (94٪)ی قوتابیانی بەکالۆریۆس ڕۆژانە 10–30 دەقیقە فەیسبووک بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندییکردن بە هاوڕێکانیان. لە توێژینەوەیەکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە(٪85) بەشداربووان ئەکاونتی فەیسبووکیان هەیە و زۆربەیان بە ڕێژەی (79٪) ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە ڕۆژانە لە نێوان 10–60 دەقیقە فەیسبووک بەکاردەهێنن([37]). لە توێژینەوەیەکی تردا کە لە لایەن ( Pempek et al., 2009[38]) ئەنجامدراوە لەسەر قوتابیانی کۆلێج گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە قوتابیان ڕۆژانە نزیکەی 30 دەقیقە فەیسبووک بەکاردەهێنن وەك ڕۆتینێکی ڕۆژانە. بەهەمان شێوە(Stern and Taylor, 2007[39]) کە توێژینەوەکەیان لەسەر 364 قوتابی زانکۆ ئەنجامداوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێژەی (96٪) ئەوانەی داخیلی فەیسبووك دەبن ئەوا ڕۆژانە کەمتر لە 10 دەقیقە بۆ 60 دەقیقە بەکاریدەهێنن.

هەروەها (Ryan and Xenos, 2011[40]) لە توێژینەوەکەیاندا گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە ڕێژەی (17٪) ڕۆژانە 10 دەقیقە یاخود کەمتر فەیسبووك بەکاردەهێنن، ڕێژەی (24٪) لە نێوان 10–30دەقیقە بەسەر دەبەن، بە ڕێژەی (٪23) لەنێوان 31–60 دەقیقە فەیسبووك بەکاردەهێنن، بە ڕێژەی (17٪) لە ڕۆژێکدا لە نێوان 1–2 کاتژمێر بەسەردەبەن و بە ڕێژەی (19٪) لە ڕۆژێکدا لە نێوان 2 کاتژمێر یاخود زیاتر فەیسبووك بەکاردەهێنن. لەبەرامبەردا لە توێژینەوەکی تردا کە لە جەزائیر ئەمجامدراوە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە زۆربەی بەشداربووان ڕۆژانە زیاتر لە 3 کاتژمێر زیاتر فەیسبووك بەکاردەهێنن ([41]).

17– بەکارهێنانی فەیسبووك و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

خشتەی (٩): بەکارهێنانی فەیسبووک و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 60 | 56.07 |
| نەخێر | 40 | 37.38 |
| نازانم | 7 | 6.54 |
| کۆی گشتی | 107 | 100.00 |

لە خشتەی (9)دا دەردەکەوێت، کە زۆربەی تاکەکانی نموونەکە کە ڕێژەی (56.07٪)ی نموونەکە پێکدەهێنن، پێیان وایە کە بەکارهێنانی فەیسبووك دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لە کاتێکدا ڕێژەی(37.38٪)ی نموونەکە وای دەبینن کە بەکارهێنانی فەیسبووك نابێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرامبەردا بە ڕێژەی (6.54٪)ی نموونەکە هیچ ڕایەکیان نییە.

کەواتە بەکارهێنانی فەیسبووك کاریگەری هەیە لەسەر لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا لە کۆمەڵگای کوردی هەستی پێدەکرێت بۆ نموونە تاکەکان لە بری ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەن ئەوا سەیری مۆبایل و فەیسبووکیان دەکەن تا وەکو لەوێوە کۆمێنت و لایك بۆ خزم و هاوڕێکانیان بنووسن و، زۆر جاریش هەتا لە کاتی سەردانی یەکتر زیاتر خەریکی ئامرازە ئەلکترۆنییەکانن یاخود تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن تا گفتوگۆکردن ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت تا ئەوڕادەیەی زۆر لە چینی بەساڵاچوان لە چینی گەنجان بێهیوابن یاخود جۆرێکی لە ململانێی دروست کردووە لە نێوان نەوەکان. بۆیە هەندێك لە توێژەران پێیان وایە کە ئەنترنێت بۆتە هۆی کەمکردنەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە ئالوگۆری یاخود پەیوەندی ڕووبەڕوو هەیە([42]). هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە بەکارهێنەرانی ئەنترنێت و سیستەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتیی بەتایبەتی بەشداری ڕووبەڕوو ([43]). بەڵام، (Fukuyama, 2001[44]) ئاماژەی بۆ ئەوە دەکات کە گۆڕانەکان لە تەکنۆلۆجیا دەبێتە هۆی گۆڕان لە هۆکاری پێکەوەیی لە نێوان خەڵك یاخود گۆڕانکاریی لە تەکنۆلۆجیا بۆتە هۆی گۆڕانکاریی لە شێوەی بەکۆمەڵایەتیبوون. لەم دوو ڕایە جیاوازەدا دوو بۆچوونمان بۆ دروست دەبێت ئەویش لەوانەیە هەردووکییان ڕاست بن لەبەرئەوەی یەکەمیان بۆ کۆمەڵگەیەکی نەریتی و جۆری پەیوەندی لەو کۆمەڵگەیە کە وادەکات پەیوەندییەکان لاوازبن لە نێوان ئەندامەکانی و کاریگەریی هەبێت لەسەر جۆری پەیوەندیی. سەبارەت بەڕای دووەم بەهەمان شێوە دروستە جۆری پەیوەندییەکان گۆڕیوە ئەگەر لە ڕابردوودا تاکەکان

تەنها لە چوارچێوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان پەیوەندییان بەیەکەوە دەکرد ئەوا ئێستا دەتوانرێت لەسەر ئاستی وڵات و دونیا پەیوەندیی بەیەکەوە ببەستن و، ئەگەر لە ڕابردوودا تەنیا لە کۆڵان یاخود هاورێی نزیك پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون بەرێوەدەچوو ئەوا ئێستا لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە فێری دەبن و لەوێوە ڕەفتار و پەیوەندیی فێر دەبن ئەمەش تاڕادەیەك ڕەنگیداوەتەوە لە نەوەی نوێ، ئەوەی ڕۆژانە دەیبینین لە جۆری مامەڵەکردن و پەیوەندیی لەگەڵ دەورووبەر.

خشتەی (١٠): مەبەست لە بەکارهێنانی فەیسبووک لای نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| مەبەست لە بەکارهێنانی فەیسبووک | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| چاتکردن | 52 | 23.52 |
| بەسەربردنی کات " وەک یاریکردن" | 23 | 10.40 |
| بۆ دۆزینەوەی هاورێ | 19 | 8.59 |
| بەدەست هێنانی زانیاری | 91 | 41.17 |
| هەڵاتن لە واقع | 11 | 4.97 |
| ڕزگاربوون لە گۆشەگیری | 23 | 10.40 |
| هۆکاری تر | 2 | 0.90 |
| کۆی گشتی | 221[1] | 100.00 |

18– مەبەست لە بەکارهێنانی فەیسبووک

لە خشتەی (•10)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی (٪23.52) بۆ مەبەستی چات کردن فەیسبووک بەکاردەهێنن، بە ڕێژەی (٪010.4) بۆ بەسەربردنی کات "وەك یاریکردن" بەکاری دەهێنن، بە ڕێژەی (٪98.5) بۆ دۆزینەوەی هاورێ بەکاری دەهێنن، بە ڕێژەی (٪41.17) بۆ بەدەست هێنانی زانیاری بەکاری دەهێنن، بە ڕێژەی (٪74.9) بۆ هەڵاتن لەو واقیعەی کە تێیدا دەژین بەکاری دەهێنن، بە ڕێژەی (٪10.40) بۆ ڕزگاربوون لە گۆشەگیری بەکاری دەهێنن و بە ڕێژەی (٪0.90) جگە لەم هۆکارانەی سەرەوە بۆ مەبەستی هۆکاری تر بەکاری دەهێنن وەك ڕاگۆڕینەوە و دروست کردنی پەیوەندیی زانستی و ئەکادیمی.

لە وەڵامی خشتەی (10)دا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی بەشداربووان بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری فەیسبووك بەکاردەهێنن ئەمەش لەگەڵ ڕێژەی پیشەی نموونەکە یەکدەگرێتەوە کە زۆربەیان مامۆستان (سەیری خشتەی 1 بکە). لە دوای ئەوەش بۆ مەبەستی چاتکردن فەیسبووك بەکاردەهێنن کە ئەمەش تاڕادەیەك دەتوانین بڵێین زۆربەی تاکەکان لەسەر ئاستی جیهان بەکاریدەهێنن و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی فەیسبووك. بەڵام ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە لە کۆمەڵگە پێشەکەوتووەکان جیا دەکاتەوە لە بەکارهێنانی فەیسبووك کە هیچ یەك لە بەشداربووان ئاماژەی پێنەکردووە هەرچەندە زۆربەی ئاستی خوێندەواریان بەرزە (سەیری خشتەی 1 بکە) بۆ دۆزینەوەی کاریاخود بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی و دروست کردنی یاخود پەیوەندیکردن بە هاوپیشەی یاخود پسپۆری لە وڵاتانی تر. بۆیە لە توێژینەوە زانستییەکان ئاماژە بەوە کراوە کە تاکەکان فەیسبووك بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی و کات بەسەربردن بەکاردەهێنن زیاتر لە مەبەستی ئەکادیمی. هەر لەم سۆنگەیەوە زۆربەی توێژینەوە زانستییەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی نەرێنی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی فەیسبووك و ئەنجامدانی کاری ئەکادیمی([45]). هەروەها بەپێی توێژینەوەیەك کە لە ئەمریکا ئەنجامدراوە لەلایەن ( Hampton et al., 2011[46]) ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو چالاکیانەی ڕۆژانە ئەنجامی دەدەن لە کاتی بەکارهێنانی فەیسبووك، بە ڕێژەی (٪15) گرنگی بە نوێکردنەوەی (Update) حاڵەتی تایبەت بە خۆیان دەدەن، بە ڕێژەی (٪22) گرنگی بە کۆمێنت نووسین دەدەن لەسەر پۆستی کەسانی تر، بە ڕێژەی (٪20) گرنگی بە کۆمێنت نووسین دەدەن لەسەر وێنەی ئەو کەسانەی کە دایدەنێن، بە ڕێژەی (٪26) لایکی (Like) ناوەڕۆکی کەسانی تر دەکەن و بە ڕێژەی (٪10) نامەی تایبەت دەنێرن بۆ کەسانی تر. ئەوەی تێبینی دەکرێت هیچ ڕێژەیەك ئاماژەی بە لایەنی ئەکادیمی نەکردووە یاخود بۆ مەبەستی ئەکادیمی بەکاریان نەهێناوە ئەگەر چی توێژینەوەکە لە ژینگەیەکی ئەکادیمی ئەنجامدراوە کە زانکۆیە. بۆیە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو گرفتە گرفتێکی جیهانییە لەوەی لۆکاڵی بێت یاخود تایبەت بێت بە کۆمەڵگایەك.

19– جۆری گرنگیپێدان لە فەیسبووك

خشتەی (١١): جۆری گرنگیپێدان لە فەیسبووک لای نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| جۆری گرنگیپێدان لە فەیسبووک | ڕێژە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەواڵ | 74 | 51.38 |
| هەواڵ پرسینی خزم و کەس و برادەر | 44 | 30.55 |
| ناسینی هاورێ | 15 | 10.41 |
| بابەتی تر | 11 | 7.63 |
| کۆی گشتی | 144 | 100.00 |

لە خشتەی (11)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی ئەندامانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪51.38) گرنگی بە هەواڵ دەدەن لە فەیسبووك. بە ڕێژەی (٪30.55)ی نموونەکە گرنگی بە هەواڵ پرسینی خزم و کەس و برادەر دەدەن. هەروەها بە ڕێژەی (٪110.4) گرنگی بە ناسینی هاورێ دەدەن. ڕێژەیەکی کەمیش(٪7.63) گرنگی بە بابەتی تر دەدەن وەك:

- قسەکردن لەگەڵ هاورێ و پۆست کردنی بیروراکانم.
- هەرشتێ سەرنجم رابکێشێ دەیخوێنمەوە.
- بابەتی فکری.
- خوێندنەوەی بابەتی نووسەرەکان و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.
- زانیاری نوێ.
- بڵاو کراوەی هاورێیان و هی خۆم.
- زانیاری گشتی.

- ڕەخنە و توانج گرتن لە حکومەت.
- گەڕان بەدوای زانیاری.
- بابەتە کۆمەڵایەتی و ئەدەبیەکان.

ئەوەی تێبینی دەکرێت زیاتر گرنگیدانە بە بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بابەتەکانی وەك بابەتی ئەکادیمی هەروەك لە توێژینەوەی (Pempek et al., 2009[47]) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گەنجەکان ئۆنلاین بەکاردەهێنن بۆ ئاسانکاری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. هەر لەم توێژینەوەدا بەشداربووان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە بە ڕێژەی (85٪) لە قوتابیانی کۆلێج فەیسبووك بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندیی لەگەڵ هاوڕێیان لە بەشی ناوخۆیی– ناو زانکۆ (Campus) و لەگەڵ کۆنە هاوڕێیانی قوتابیانی ئامادەیی. قوتابیانی کۆلێج فەیسبووك بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندیی لەگەڵ دایك و باك و بێگانان بەکارناهێنن. تەنیا بە ڕێژەی(9٪) لە گەنجان فەیسبووك بۆ مەبەستی دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ بەکاردەهێنن.

20– بابەت بڵاوکردنەوە لە فەیسبووك

لە خشتەی (12)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەیەکی زۆری تاکەکانی نموونەکە بابەت لە فەیسبووك بڵاودەکەنەوە، کە(75.70٪)ی

خشتەی (١٢): بابەت بلاوکردنەوە لە فەیسبووک لای تاکەکانی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 81 | 75.70 |
| نەخێر | 26 | 24.29 |
| کۆی گشتی | 107 | 100.00 |

نموونەکە پێکدەهینن. لەبەرامبەردا ڕێژەی(24.29٪)ی نموونەکە هیچ بابەتێك بڵاوناکەنەوە.

21– ئەگەر وەڵامت بە "بەڵێ" یە، زیاتر چ بابەتێك بڵاودەکەیتەوە لە فەیسبووك؟

خشتەی (١٣): بابەت بڵاوکردنەوە لە فەیسبووک لای نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| چ بابەتێک بڵاودەکەیتەوە لە فەیسبووک | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بابەتی کۆمەڵایەتی | 11 | 42.30 |
| بابەتی ئایینی | 5 | 19.23 |
| بابەتی سیاسی | 6 | 23.07 |
| بابەتی ئەدەبی "شیعر" | 3 | 11.53 |
| فێربوونی زمانی ئینگلیزی | 1 | 3.84 |
| کۆی گشتی | 26 | 100.00 |

لە خشتەی (13)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی نموونەی توێژینەوە بە ڕێژەی (42.30٪) گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بابەتی کۆمەڵایەتی دەدەن لە فەیسبووك، بە ڕێژەی (19.23٪) گرنگی بە بابەتی ئایینی دەدەن، بە ڕێژەی (23.07٪) گرنگی بە بابەتی سیاسی دەدەن، بە ڕێژەی (11.53٪) گرنگی بە بابەتی ئەدەبی "شیعر" دەدەن. هەروەها ڕێژەیەکی کەم(3.84٪) گرنگی بە بابەتی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەدەن.

22– سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری

لەخشتەی (14)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بە ڕێژەی (41.66٪) زانیارییەکانی فەیسبووك لە ڕووداوی ڕۆژانەی خۆیان وەردەگرن. هەروەها نزیك لە هەمان ڕێژەی پێشوو(37.50٪) زانیارییەکان لە پێگەی تر لەسەر تۆڕی ئەنتێرنێت وەردەگرن، بە ڕێژەی (15.97٪) زانیارییەکانیان لە برادەران وەردەگرن. ڕێژەیەکی کەمیش(4.86٪) سەرچاوەی زانیارییەکانیان لە شوێنی ترە وەك:

- کتێب ( 3 جار دووبارەبۆتەوە).
- هەڵهێنجان لە ڕووداوەکانی دەوروبەر.
- خوێندنەوەی سەرچاوە.

خشتەی (١٤): سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری لای نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لە ڕووداوی ڕۆژانەی خۆت | 60 | 41.66 |
| لە پێگەی تر لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت | 54 | 37.50 |
| لە برادەرانت لە فەیسبووک | 23 | 15.97 |
| شوێنی تر | 7 | 4.86 |
| کۆی گشتی | 144 | 100.00 |

- بابەتی ئەدەبی زیاتر ئەویش هەڵهێنجراوی ناخی خۆم و واقیع و ژیان.
- سەرچاوەی ئەکادیمی.

23– جیاوازی جێندەر لەبەکارهێنانی فەیسبووك

خشتەی (١٥): جیاوازی جێندەر لە بەکارهێنانی فەیسبووک لای نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 51 | 47.66 |
| نەخێر | 28 | 26.16 |
| نازانم | 28 | 26.16 |
| کۆی گشتی | 107 | 100.00 |

لە خشتەی (15)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە نزیکەی نیوەی بەشداربووان پێیان وایە کە ڕەگەزی نێر و مێ بەشێوەیەکی جیاواز فەیسبووك بەکاردەهێنن، کە ڕێژەی (647.6٪) نموونەکە پێکدەهێنن، لەبەرامبەردا بە ڕێژەی (26.16٪) ڕای جیاوازیان هەیە و پێیان وانییە کە جێندەر کاریگەری هەبێت لەسەر بەکارهێنانی فەیسبووك و بەهەمان ڕێژە هیچ وەڵامێکیان نەداوەتەوە.

کەواتە ڕەگەزی نێر و مێ بەشێوەیەکی جیاواز فەیسبووك بەکاردەهێنن، ئەمەش ئەگەر تێبینی فەیسبووکی هەردوو ڕەگەز بکەین ڕۆژانە بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە ڕەگەزی نێر زیاتر گرنگی بە سیاسەت و ڕەخنە لە دەسەڵات و کارو

چالاکیەکانی لەگەڵ هاورێیان دەدات لە بەرامبەردا ڕەگەزی مێ زیاتر گرنگی بە بابەتی ئایینی و خواردن و شیعر و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاورێکانی دەدات.

24– پارێزراوی زانیارییە کەسییەکان لە فەیسبووك

خشتەی (١٦): پارێزراوی زانیارییە کەسییەکان لە فەیسبووک لای نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 36 | 33.64 |
| نەخێر | 37 | 34.57 |
| نازانم | 29 | 27.10 |
| هیچ وەڵامێک نییە | 5 | 4.67 |
| کۆی گشتی | 107 | 100.00 |

لە خشتەی(16)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بە ڕێژەی (33.64٪) لەبەشداربووان پێیان وایە کە زانیارییە کەسییەکانیان لە فەیسبووك پارێزراوە، لەبەرامبەردا بە ڕێژەی (34.57٪) وەڵامیان بە نەخێرە و پێیان وایە کە زانیارییەکانیان پارێزراو نییە. هەروەها بە ڕێژەی (27.10٪) لەبەشدرابووان نازانن و بە ڕێژەی (4.67٪) هیچ وەڵامێکیان نەبووە.

کەواتە بەرزترین ڕێژە لە بەشداربووان بڕوایان وایە کە زانیارییەکانیان لە فەیسبووك پارێزراو نییە، ئەمەش پێچەوانەی توێژینەوە(Hampton et al., 2011) کە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بەکارهێنەرانی فەیسبووك زیاتر لە هەر تۆڕێکی تر متمانەیان بەیەکتر هەیە، هەروەها بە ڕێژەی (43٪) ئەو کەسانەی کە ڕۆژانەی زیاتر لە جارێك فەیسبووك بەکاردەهێنن زیاتر لە بەکارهێنەرانی ئەنترنێتی تر متمانەیان بەیەکتر هەیە و بە ڕێژەی سێ جار زیاتر بەرامبەر ئەوانەی ئەنترنێت بەکارناهێنن.

بەڵام الرعود(2012[49]) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردەی ڕەشکردنەوە لە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵاتی هەیە، بەڵام زۆربەی بەکاربەران دۆزیانەوە کە ئەستەمە لابردنی ناویان و زانیارییەکانیان بەشێوەیەکی کۆتایی بۆ نموونە لە فەیسبووك ئەمەش وای لە بەکاربەران کردووە کە نیگەران بن لە بەکارهێنانی تۆڕەکان و دانانی زانیارییە کەسییەکان. ماڵپەری تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە توانایدایە کە زانیارییە کەسییەکان بدات بە هەرلایەنێك یاخود کەسێك کە بیەوێت و، خاوەن بیروراکان لە ژێر هەرەشەن و کاری زۆر لە هونەرمەندان و نووسەران نازانن چارەنووسیان چییە. سروشتی ئاسانی بەکارهێنانی ئەو تۆرانە وای کردووە کە تاوانبارانی ئەنترنێت بە ئاسانی بچنە ناو زانیارییە کەسییەکان. لە ڕێگەی ماڵپەری تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەندێك لە ڕێکخراوە نا حکومییەکان بتوانن فرت و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن لەو بەکاربەرانە بکەن کە شارەزاییان کەمە بەشێوەی زۆر وەك فێڵکردن و دزیکردن.

هەروەها عبوب(2012[50]) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو کەسانەی ئاستی خوێندەواریان نزمە هەست بە ترسناکی ئەو تۆڕانە ناکەن، بەلام تاوەکو ئاستی خوێندەواری تاکەکان بەرزبێتەوە ئەوا متمانەبوون بە فەیسبوك کەمدەبێتەوە هەروەك بە ڕێژەی (72٪) ئەوانەی ئاستی خوێندەواریان زانکۆیە پێیان وایە کە زانیارییە کەسییەکانیان لە فەیسبوك پارێزراو نییە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاستی خوێندەواری بەرز و ڕۆشنبیری فراوان بەتایبەتی لە بواری تەکنۆلۆجیا و پەیوەندیکردنی بەردەوامی خاوەن ئاستی زانکۆیی بە تۆڕە کۆمەلایەتییە جیهانییەکان و بەدواداچوونی بەردەوام وا لە تاکەکان دەکات کە هەست بە ترسناکی ئەو ئامرازانە و ئاسانی ئاشکراکردنی ناسنامەی بەکارهێنەران بکەن. هەر لە هەمان توێژینەوەدا ڕێژەی (69٪)ی نموونەکە پێیان وایە کە زانیاری هەبوون و ئاسانی چوونە ناو ئەکاونتەکانیان لە لایەن کەسانی بێگانەوە بریتییە لە دەست درێژیکردنە سەر پیرۆزییەکان یاخود تایبەتمەندییەکان. هەروەها لە ئەنجامی چوونە ناو زانیارییە کەسییەکانیان تووشی جۆرەها هەرەشە بوونەتەوە وەك ناشیرنکردنی ناوبانگی کەسەکان و ناوزڕاندنیان. بەشێوەیەك بەشدرابووان ئاماژەیان بەم ترسناکیانە کرد:

- خۆناساندن بە کەسێکی تر.
- بەگەرخستنەوەی وێنەکان.
- ناوزڕاندن و ناوبانگی.
- ڕاکێشان (ئەوەش باوە لە نێوان هەرزەکاران).
- بەدرەوشتی.
- دزینی زانیاری و سیخوڕیکردن.

## 5. ئەنجامەکانی توێژینەوە

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین ئەو ئەنجامانە بخەینە ڕوو کە لە ماوەی توێژینەوەکەماندا پێی گەیشتووین، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا بیخەینە ڕوو:

1 –ڕەگەزی نێر زیاتر فەیسبوك بەکاردەهێنێت لە ڕەگەزی مێ و، زۆربەی تاکەکانی نموونەکە تەمەنیان لە نێوان (18–32) ساڵییدایە. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە گەنجەکان زیاتر فەیسبوك بەکاردەهێنن لە بە تەمەنەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

2 –ئاستی خوێندەواری تاکەکانی نموونەکە بەرزە و نەخوێندەوارییان تێدا نییە، بەڵام بە پێچەوانەوەی ئاستی خوێندەواریی دایك و باوکی نموونەی توێژینەوەکە نەخوێندەوارن یاخود نزمە ئەمەش پەیوەندیی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەو گۆڕانکارییانە هەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕوویانداوە، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1919 کە هەلی زیاتری بۆ نەوەی نوێ ڕەخساند کە زیاتر گرنگی بە خوێندن و بڕوانامە بدەن و ئاستی خوێندەواریی تاکەکانی کورد بەرزبێتەوە بەبەراورد بە نەوەی کۆن.

3 –زۆربەی نموونەی توێژینەوە یەك ئەکاونتی فەیسبووکییان هەیە و زۆربەیان بەناوی خۆیانە، بەڵام ئەوانەی ئەکاونتیان بەناوی خۆیان نییە ئاماژەیان بە چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی کرد وەك نەبوونی ئازادی، بێزارکردنی کەسانی دەوروبەر بەهۆی نامەی هەڵەوە، متمانەبوون بە کەسانی تر، هاککردن، ترس لە داب و نەریت و ئەندامانی خێزان و دەوروبەر ئەم هۆکارانەش زۆربەی کاتەکان وا لە تاك دەکات کە گوشارێکی کۆمەڵایەتی، دەروونی و سیاسی لەسەربێت و هەست بەئارامی نەکات تا بەشێوەیەکی ئازادانە ڕای خۆی دەرببڕێت و چی دەوێت بیلێت بۆیە پەنا بۆ هۆکاری تر دەبات تا ئەوەی لە ناخیدایە بیهێنێتە واقیع وەك نازناو بەکارهێنان. هەندێك جاریش بۆ مەبەستی سیخوریکردن بەسەر کەسەکان بەکاردێت وەك ئەوەی لە ڕۆژئاوا بوونی هەیە کە نەك تەنیا دەزگا سیخوری و پۆلیسییەکان سوود لە زانیارییەکانی فەیسبووك دەبینن بەڵکو شوێنی کار و کۆمپانیاکانیش سەیری فەیسبووکی کەسی داواکار (ئەگەر هەبێت) دەکەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەسەر کەسایەتی کەسەکە (51).

4 –زۆربەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە وێنەی خۆیان لەسەر پرۆفایلەکانیان دادەنێن، بەڵام ژمارەیەکی زۆریش بەتایبەتی ئافرەتان وێنەی خۆیان بەکارناهێنن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی وەك ترس لە ئەندامانی خێزان، ڕێگە نەدانی داب و نەریت، ترس و متمانەبوون بە ڕەگەزی بەرامبەر و بڵاونەبوونەوەی وێنەکان و چەندین هۆکاری تر بۆ نموونە هەندێك لەبەشداربووان ئاماژەیان بەم هۆکارانە کرد کە لەبەرچی وێنەی خۆیان دانانێن:

"لە کۆمەڵگەی کوردی کچان بە ڕێژەیەکی کەم وێنەی خۆیان لەسەر پرۆفایلەکانیان دادەنێن بەهۆی دابونەریت و ڕێساکانی کۆمەڵگەی کوردی. بەشێوەیەکی گشتی کورەکان دەتوانن وێنەی خۆیان دابنێن بەڵام لە هەندێك کاتدا بەهۆی چەند هۆکارێك وێنەی خۆیان دانانێن"، "چونکە ڕەنگە تووشی کێشە بم ئەگەر وێنەکەم دابنێم ئەمەش بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەم دەگەڕێتەوە"، " لەبەرئەوەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی نەریتیین رازی نین خێزان و ماڵ و کەس و کار وێنەی خۆیان دابنێن، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کچ وەك شەرەفی خێزان سەیر دەکرێت ئەگەر وێنەی بڵاوببێتەوە خێزان وا هەست دەکات شەرەفیان لەکەداربووە"، "چونکە بەهۆی ترسی تاك و ژینگەی کۆمەڵایەتیی"، "دانەنانی وێنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی و تێنەگەیشتنی تاکەکان تاڕادەیەك ئیستفزازکردن و بەکارهێنانی وێنەی بۆ کاری نەشیاو وەك (هەڕەشە) ..."، "چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمە تاڕادەیەك شتێکی قبوڵکراو نییە بۆ کچ کە وێنەی خۆیان دابنێن".

ئەوەی سەرەوە کە باسکران چەند نموونەیەك بوو لە وەڵامی بەشداربووان کە لەبەرچی وێنەی خۆیان دانانێن کە ئاماژەیان بە چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی کرد بەتایبەتی ڕەگەزی مێ کە لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەو ئازادیەی نییە کە بتوانێت بەشێوەیەکی ئازادانە ڕای خۆی دەرببڕێت و وێنەی خۆی بڵاوبکاتەوە. بەڵام لە ئێستادا بەپێی تێبینی توێژەر بەبەراورد بە چەند ساڵی ڕابردوو ئەوا تاڕادەیەك ڕەگەزی مێش وێنەی خۆیان لەسەر پرۆفایلەکانیان دادەنێن ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە وەك جۆری خێزان یان کراوەیی خێزان، هۆکاری تەمەن تاڕادەیەك بەتەمەنەکان وێنەی خۆیان زیاتر دادەنێن لە گەنجەکان. هەروەها تێگەیشتنی کۆمەڵگا لە مەبەستی بەکارهێنانی فەیسبووك یاخود هۆکاری کەسی وەك خۆ دەرخستن هەروەك هەندێك لە بەشداربووان ئاماژەیان پێیدا، بۆ نموونە بەشداربوویەك گوتی:

"... پێشتر عەیب بوو کە کچێك وێنەی خۆی لەسەر فەیسبووك دابنێت لە کوردستان بەڵام ئێستا لای زۆر کەس ئاساییە کە کچەکانیان وێنەی خۆیان دابنێن، بۆ کورەکانیش ئاساییە... زۆر خەڵك بۆ خۆعەرزکردنی خۆی بەکاریدەهێنێ، بۆ نموونە سەردانی ڕێستورانتێك دەکات خواردنێك دەخوات ئاماژە بە شوێن و خواردنەکەش دەکات یاخود بەتایبەتی سەردانی وڵاتەکان دەکات بۆ وێنەگرتنێك بۆئەوەی لە فەیسبووك بڵاوی بکاتەوە ئاماژەی بەوەی دەکات کە سەردانی ئەو وڵاتەی کردووە ... ".

5 –زۆربەی تاکەکانی نموونەکە ڕۆژانە زیاتر لە کاتژمێرێك فەیسبووك بەکاردەهێنن لە کوردستاندا. هەروەها زۆربەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ئاماژەیان بەوەدا کە بەکارهێنانی فەیسبووك بۆتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەندێك حاڵەتدا بووە بە لێکترازانی خێزان و کۆمەڵگە. ئەمەش ڕۆژانە بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت لە ماڵەوە و دەرەوە و زانکۆدا، بۆ نموونە لە زانکۆدا لە بری خوێندنی پەرتوکێك یاخود گفتوگۆیەکی زانستی لەگەڵ یەکتر ئەوا قوتابیان زیاتر خەریکی ئامێرە زیرەکەکان. بە هەمان شێوە لەکاتی سەردانیکردنی خزم و کەس لە جیاتی قسەکردن لەگەڵ یەکتر ئەوا زۆربەی تاکەکان بەتایبەتی گەنجەکان خەریکی ئامێرە زیرەکەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، هەروەك یەکێك لە بەشداربووان بەم شێوە نیگەرانیەکانی دەربری: "بەڵێ زۆریش لاواز بووە دەبینی لە ماڵێك هاوسەرەکان دوور لە یەکتر دانیشتوون لە جیاتی ئەوەی دانیشتنێکی بە کۆمەڵ ساز بکەن باسی کارەکانی خۆیان بکەن کە ئەو ڕۆژە ئەنجامیانداوە کە چی هەریەکە و لە لایەك خەریکی فەیسبووکە... ". بەڵام هەندێك کەسی تر بە پێچەوانەوە دەڕواننە گۆڕانکارییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێیان وایە کە تەنیا گۆڕانکاری بووە لە شێوازی بینینەکان ئەگەر لە ڕابردوودا کەسەکان ڕووبەڕوو گفتوگۆیان دەکرد ئەوا ئێستا لە ڕێی ئامێرە زیرەکەکان یاخود فەیسبووك ڤیدیۆ، سکایپ و چەندین بەرنامەی تر ڕووبەڕوو قسە دەکەن ئەگەر لە

ولاتێکی تریش بێت. هەروەها هەندێکی تر پێیان وایە نەك پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لاواز نەکردووە بەڵکو بەهێزتری کردووە و بەردەوامی پێداوە بۆ نموونە ئەگەر لە ڕابرووردا قوتابیانی زانکۆ کاتێك زانکۆیان تەواودەکرد هەریەکە و بەلایەك دەرۆیشت بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانرێت پەیوەندییەکان بەردەوام بێت.

6 – زۆربەی بەشداربووان بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری فەیسبووك بەکاریدەهێنن ئەمەش لەگەڵ ڕێژەی پیشەی نموونەکە یەکدەگرێتەوە کە زۆربەیان مامۆستان. لە دوای ئەوەش بۆ مەبەستی چاتکردن فەیسبووك بەکاردەهێنن، کە ئەمەش تاڕادەیەك دەتوانین بڵێین زۆربەی تاکەکان لەسەر ئاستی جیهان بەکاریدەهێنن و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی فەیسبووك.

7 –ڕێژەی زۆری نموونەی توێژینەوە پێیان وابوو کە زانیارییە کەسییەکانیان لە فەیسبووك پارێزراو نییە ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە وەك هاککردن و کۆنترۆڵنەکردنی زانیارییەکان لە لایەن کۆمپانیای فەیسبووك لە بڵاوبوونەوەی (هەروەك لە بەشی پێشودا ئاماژەم پێیدا) لەوانەیە ئەمەش هۆکارێك بێت بۆئەوەی تاکی کورد فەیسبووك بەناوی خۆیان نەکەن و وێنەی خۆیان لەسەر پرۆفایلەکانیان دانەنێن.

## 6. ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێك بخەینە ڕوو کە توێژەران و لایەنی پەیوەندیدار سوودی لێوەربگرن.

### 1.6. ڕاسپاردەکان

1 –ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە سەبارەت بە کاریگەری یاخود بەراوردکردنی ئەوانەی فەیسبووك بەکاردەهێنن و ئەوانەی بەکاری ناهێنن.

2 –توێژینەوە لەبارەی کاریگەری فەیسبووك لەسەر لێکترازانی خێزان و گرفتی تەڵاق و کوشتنی ئافرەت.

3 –ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هۆکارەکانی ئالوودەبوون بە فەیسبووك. هەروەها چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی ئالوودەبوون.

4 –هەروەها توێژینەوە بکرێت لەبارەی زانینی تاکەکانی کورد زیاتر کامە تۆڕی کۆمەڵایەتیی بەکاردەهێنن، کامە چین زیاتر بەکاریدەهێنن و لە چ تەمەنێك زیاترە.

### 2.6. پێشنیازەکان

1 –هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد بەتایبەتی قوتابیان و گەنجان لە کاریگەرییەکانی ئالوودەبوون بە فەیسبووك. ئەمەش لە ڕێگای حکوومەت و خێزانەوە، بۆ نموونە پێویستە دایك و باوك متمانەی ڕەها نەدات بە منداڵەکانیان، بەڵکو پێویستە چاودێرییان بکەن و سنووریان بۆ دابنێن بەمەبەستی دیاریکردنی کات و شێوازی بەکارهێنانی فەیسبووك و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر. هەروەها حکوومەت پێویستە هۆشیاری بڵاوبکاتەوە لە ڕێگای ڕاگەیاندن و دام و دەزگاکانی ڕۆشنبیری بەمەبەستی چۆنیەتی و ئامانج لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سوود و زیانەکانی بەکارهێنانی ئەو تۆڕانە بۆ تاك و کۆمەڵگە.

2 – ئاراستەکردنی گەنجان بۆ پێویستی پابەندبوون بە یاساکانی پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یاخود ئەنترنێت بۆئەوەی بەشێوازی نایاسایی بەکارنەهێنرێت. هەروەها ئامۆژگاریکردن و ئاراستەکردنی گەنجان دەربارەی یاسای پەیوەندیکردن لە کوردستان تاوەکو زانیارییان هەبێت دەربارەی سزای خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یاخود ئەنترنێت.

3 – چاودێریکردنی کۆمپانیاکانی ئەنترنێت لە لایەن حکوومەتەوە و ڕێگەنەدانیان بە کردنەوەی وێبسایتە ڕێگە پێنەدراوەکان یاخود ماڵپەرە پارێزراوەکان.

## 7.لیستی سەرچاوەکان


1. Hughes D J, Rowe M, Batey M and Leep A (2012) A tale of two sites: Twitter vs. Facebook and the personality predictors of social media usage. *Computers in Human Behavior*, 28: 561–5691)

2. فضل الله، وائل مبارك خضر (٢٠١٠) اثر الفیس بوك على المجتمع، مدونة شمس النهضة، السودان، الخرطوم

3. Abdelraheem A Y (2013) University Students' use of Social Networks Sites and Their Relation with some Variables.*The West East Institute*: 31- 38

4. Pempek, T A, Yermolayeva, Y A and Calvert S L (2009) College students' social networking experiences on Facebook. *Journal of Applied Developmental Psychology*,30 (3):227–238

5. Hew K F (2011) Students' and Teachers' use of Facebook. *Computers in Human Behavior, Elsevier Ltd*. 27: 662– 676.

Stern L A and Taylor K (2007) Social Networking on Facebook. *Journal of the Communication*, Speech and Theatre Association of North Dakata,20: 9- 20

6. Kolek E A and Saunders D (2008) Online Disclosure: An Empirical Examination of Undergraduate Facebook Profiles. *NASPA Journal*, 45 (1): 1- 25

7. Zaremohzzabieh Z, Abu Samah B, Omar S Z, Bolong J and Kamarudin N A (2014) Addictive Facebook Use among University Students. *Asian Social* Science 10 (6): 107- 116

8. Hughes D J, Rowe M, Batey M and Leep A (2012) A tale of two sites: Twitter vs. Facebook and the personality predictors of social media usage.*Computers in Human Behavior*, 28: 561–5691)

Hew K F (2011) Students' and Teachers' use of Facebook. *Computers in Human Behavior, Elsevier Ltd*. 27: 662– 676.

Ross C, Orr E S, Sisic M, Arseneault J M, Simmering, M G, and Orr R R (2009) Personality and Motivations Associated with Facebook use. *Computers in Human Behavior*, 25 (2):578– 586

9. Facebook (2016) Facebook Timeline: Available at: https://s21.q4cdn.com/399680738/files/doc_financials/2016/Q3/3.-Facebook-Reports-Third-Quarter-2016-Results.pdf [Accessed: 8/12/2016]

10. Petersen C and Johnston K A (2015) The Impact of Social Media Usage on the Cognitive Social Capital of University Students. Informing Science: *The International Journal of an Emerging Transdiscipline*,18: 1- 30

11. Abdelraheem A Y (2013) University Students' use of Social Networks Sites and Their Relation with some Variables.*The West East Institute*: 31- 38

12. Abdelraheem A Y (2013) University Students' use of Social Networks Sites and Their Relation with some Variables.*The West East Institute*: 31- 38

Fox J, Warber K M and Makstaller D (2013) The Role of Facebook in Romantic Relationship Development: An Exploration of Knapp's Relational Stage Model. *Journal of Social and Personal Relationships*, 30: 771-794

13. Abdelraheem A Y (2013) University Students' use of Social Networks Sites and Their Relation with some Variables.*The West East Institute*: 31- 38

14. Rideout V (2012) Social Media, Social Life: How Teens View Their Digital Lives. USA: A Common Sense Media Research Study

15. Hampton K N., Goulet L S., Rainie L and Purcell K (2011) Social Networking Sites and our Lives: How People's Trust, Personal Relationships, and Civic and Political Involvement are Connected to Their use of Social Networking Sites and Other Technologies, *Pew Research Center's Internet & American Life Project: 1-85*. Available at: http://www.pewinternet.org/2011/06/16/social-networking-sites-and-our-lives/ [Accessed: 30/11/2016].

16. Pempek, T A, Yermolayeva, Y A and Calvert S L (2009) College students' social networking experiences on Facebook. *Journal of Applied Developmental Psychology* ,30: 227–238

17. Petersen C and Johnston K A (2015) The Impact of Social Media Usage on the Cognitive Social Capital of University Students. Informing Science: *The International Journal of an Emerging Transdiscipline*, 18: 1- 30

18. Bulmer M (2006) The Ethics of Social Research.In Gilbert N (ed.) Researching Social Life. London: SAGE Publication. 45- 57.

19. بضىاف، سوهىلة (٢٠١٠) المدونات الإلكترونية في الجزائر: دراسة في الاستخدامات والإشباعات، الجزائر: رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الحاج لخضر– باتنة

**ناوی ئەو پسپۆرانەی كە پرسیارنامەكەیان هەڵسەنگاندووە: پ.ی.د.عبدالله خورشيد عبدالله، پ.ی.د. محمد حسين شوانی، د. داود يوخنا دانيال و د.موراد حكيم.**

20. عبوب، محمد أمىن (٢٠١٢) تداول المعلومات داخل المجتمعات الإفتراضىة على شبكة الانترنت، شبكات التواصل الإجتماعي نموذجا. دراسة استكشافىة، وصفىة تحلىلىة على عىنة من مستخدمي الفاىسبوك. رسالة ماجستىر غىر منشورة. جامعة الجزائر.

21. نومار، مريم نريمان (٢٠١٢) استخدام مواقع الشبكات الاجتماعية وتاثيره في العلاقات الاجتماعية، جامعة الحاج لخضر، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم الاعلام والاتصال،رسالة ماجستير غير منشورة.

22. نومار، مريم نريمان (٢٠١٢) استخدام مواقع الشبكات الاجتماعية وتاثيره في العلاقات الاجتماعية، جامعة الحاج لخضر، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم الاعلام والاتصال،رسالة ماجستير غير منشورة.

23. عبوب، محمد أمىن (٢٠١٢) تداول المعلومات داخل المجتمعات الإفتراضىة على شبكة الانترنت، شبكات التواصل الإجتماعي نموذجا. دراسة استكشافىة، وصفىة تحلىلىة على عىنة من مستخدمي الفاىسبوك. رسالة ماجستىر غىر منشورة. جامعة الجزائر.

24. Skiera B, Hinz O and Spain M (2015) Social Media and Academic Performance: Does the Intensity of Facebook Activity Relate to Good Grades? P:54–72. Available at: file:///E:/Facebook%207-%202016/Facebook/Social%20Media%20and%20Academic%20Performance.pdf [Accessed: 2/12/2016].

25. [1] عبدالله، امانج عمر (٢٠١٤) تاثىر وسائل الاتصال على النسق القىمى للشباب الجامعى، دراسة مىدانىة فى جامعة صلاح الدىن، رسالة ماجستىر غىر منشورة. مصر: جامعة حلوان.

26. [1] نومار، مريم نريمان (٢٠١٢) استخدام مواقع الشبكات الاجتماعية وتاثيره في العلاقات الاجتماعية، جامعة الحاج لخضر، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم الاعلام والاتصال،رسالة ماجستير غير منشورة.

27. Gross R and Acquisti A (2005) Information Revelation and Privacy in Online Social Networks. In S.D.C. di Vimercati and R.Dingledine (EDs.), Proceeding of the 2005 ACM Workshop on Privacy in the Electronic Society: New York: ACM: 71-80

28. Zhao S, Grasmuck S and Martin J (2008) Identity construction on Facebook: Digital empowerment in anchored relationships. *Computers in Human Behavior*, 24(5): 1816-1836

29. Ellison N B, Steinfield C and Lampe C (2007) The Benefits of Facebook ''Friends:'' Social Capital and College Students' Use of Online Social Network Sites. *Journal of Computer-Mediated Communication*, 12 (4): 1143-1168

30. Young A L and Quan-Haase A (2009) Information Revelation and Internet Privacy Concerns on Social

"friends." *Behaviour & Information Technology*, 32(1): 24–36

43. Petersen C and Johnston K A (2015) The Impact of Social Media Usage on the Cognitive Social Capital of University Students. Informing Science: *The International Journal of an Emerging Transdiscipline*, 18: 1- 30

44. Fukuyama F (2001) Social Capital, Civil Society and Development. *Third World Quarterly*, 22(1): 7–20

ژمارەی بەشداربووان لەم خشتەیە و خشتەکانی تر زیاترە لە ڕێژەی ئاسایی لەبەرئەوەی ڕێگەمان بەبەشداربووان دابوو کە زیاتر لە یەك هەڵبژاردە هەڵبژێرن.

45. Skiera B, Hinz O and Spain M (2015) Social Media and Academic Performance: Does the Intensity of Facebook Activity Relate to Good Grades? P:54–72. Available at: file:///E:/Facebook%207-%202016/Facebook/Social%20Media%20and%20Academic%20Performance.pdf [Accessed: 2/12/2016].

46. Hampton K N., Goulet L S., Rainie L and Purcell K (2011) Social Networking Sites and our Lives: How People's Trust, Personal Relationships, and Civic and Political Involvement are Connected to Their use of Social Networking Sites and Other Technologies, *Pew Research Center's Internet & American Life Project: 1-85*. Available at: http://www.pewinternet.org/2011/06/16/social-networking-sites-and-our-lives/ [Accessed: 30/11/2016].

47. Pempek, T A, Yermolayeva, Y A and Calvert S L (2009) College students' social networking experiences on Facebook. *Journal of Applied Developmental Psychology*, 30(3): 227–238

48. Hampton K N., Goulet L S., Rainie L and Purcell K (2011) Social Networking Sites and our Lives: How People's Trust, Personal Relationships, and Civic and Political Involvement are Connected to Their use of Social Networking Sites and Other Technologies, *Pew Research Center's Internet & American Life Project: 1-85*. Available at: http://www.pewinternet.org/2011/06/16/social-networking-sites-and-our-lives/ [Accessed: 30/11/2016].

49. الرعود، عبدالله ممدوح مبارك (2012) دور شبكات التواصل الاجتماعى فى التغيير السياسى فى تونس و مصر من وجهه نظر الصحفيين الاردنيين. جامعه الشرق الاوسگ، رساله ماجستير غير منشوره.

50. عبوب، محمد أمين (٢٠١٢) تداول المعلومات داخل المجتمعات الافتراچيه على شبكه الانترنت، شبكات التواصل الاجتماعى نموژجا. دراسه استكشافيه، وصفيه تحليليه على عينه من مستخدمى الفايسبوك. رساله ماجستير غير منشوره. جامعه الجزائر.

51. خێڵانی، یاسین (٢٠١٣) فەیسبووك وەك نەخۆشییەکی سەردەم. ڕۆژنامەی ڕووداو، ژمارە ٢٥٦، لاپەرە ٢١، ٢٠١٣/٤/١٥

Network Sites: A Case Study of Facebook. *In Proceedings of the fourth international conference on communities and technologies*: 265- 274. New York: ACM.

31. Christofides E, Muise A and Desmarais S (2009) Information Disclosure and Control on Facebook: Are They Two Sides of the Same Coin or Two Different Processes? *CyberPsychology and Behavior*, 12(3): 341-345

32. Skiera B, Hinz O and Spain M (2015) Social Media and Academic Performance: Does the Intensity of Facebook Activity Relate to Good Grades? P:54–72. Available at: file:///E:/Facebook%207-%202016/Facebook/Social%20Media%20and%20Academic%20Performance.pdf [Accessed: 2/12/2016].

33. Petersen C and Johnston K A (2015) The Impact of Social Media Usage on the Cognitive Social Capital of University Students. Informing Science: *The International Journal of an Emerging Transdiscipline*, 18: 1-30

34. Johnston K, Tanner M, Lalla N, and Kawalski D (2013). Social Capital: The Benefit of Facebook "friends." *Behaviour & Information Technology*, 32(1): 24–36

35. Abdelraheem A Y (2013) University Students' use of Social Networks Sites and Their Relation with some Variables.*The West East Institute*: 31-38

36. Ellison N B, Steinfield C and Lampe C (2007) The Benefits of Facebook ''Friends:'' Social Capital and College Students' Use of Online Social Network Sites. *Journal of Computer-Mediated Communication*, 12 (4): 1143-1168

37. Ross C, Orr E S, Sisic M, Arseneault J M, Simmering, M G, and Orr R R (2009) Personality and Motivations Associated with Facebook use. *Computers in Human Behavior*, 25(2): 578–586

38. Pempek, T A, Yermolayeva, Y A and Calvert S L (2009) College students' social networking experiences on Facebook. *Journal of Applied Developmental Psychology*, 30(3): 227– 238

39. Stern L A and Taylor K (2007) Social Networking on Facebook. *Journal of the Communication*, Speech and Theatre Association of North Dakata, 20: 9- 20

40. Ryan T and Xenos S (2011) Who uses Facebook? An Investigation into the Relationship Between the Big Five, Shyness, Narcissism, Loneliness, and Facebook Usage. *Computers in Human Behavior*, 27: 1658–1664.

41. نومار، مريم نريمان (٢٠١٢) استخدام مواقع الشبكات الاجتماعية وتاثيره في العلاقات الاجتماعية، جامعة الحاج لخضر، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم الاعلام والاتصال،رسالة ماجستير غير منشورة.

42. Johnston K, Tanner M, Lalla N, and Kawalski D (2013). Social Capital: The Benefit of Facebook

# الأسباب المؤثرة على استخدام الألقاب والأسماء المستعارة على حساب فاسيبوك بدلا من استخدام أسمائهم الحقيقية

## "دراسة استقصائية عبر الإنترنت في إقليم كردستان العراق"

**الملخص:**

يمرالعالم بتغيرات عديدة وكوردستان لم يسلم من هذه التغيرات التى تترك اثرها على المجتمع والافراد. ومن التغيرات التى شهدها العالم على العلاقات (الانترنيت) وبصورة ادق ما نتج عنه من شبكات التواصل الاجتماعى التى باتت تعرف انها لا تعرف الحدود الجغرافية وليس لها وقت محدد لاستخدامه سلبا او ايجابا ! فعن طريقه يمكن استحداث علاقات معينة او استخدامه لعلاقات مع وسائل الاعلام والمكتبات والمتاحف والاسواق والبنوك والبرامج والالعاب الالكترونية . بحيث اصبح عالما لاتجد شيئا الا و تصل يدك له عن طريق الانترنيت. وشبكات التواصل الاجتماعى من ابرز ما افرزته الانترنيت بحيث يتمكن الشخص عن طريقه تكوين علاقات اجتماعية وتبادل الاراء والرسائل .

هدف الدراسة معرفة الاسباب الموجبة لعدم حرية بعض الاشخاص استخدام اسمائهم الصريحة واللجوء لاسماء مستعارة مموهين انفسهم تحت هذه المسميات. مستخدمين اسلوب توجيه الاسئلة و معتمدين على عينة الكرة الثلجية للعينة المكونة من (107) شخص لكلا الجنسين ( 84 ) ذكرا و( 23) انثى. واظهرت الدراسة ان الاسباب الموجبه لاستخدام اسم غيراسمه الحقيقى يرجع الى العادات والتقاليد و عدم الوثوق بمن حوله و الجنس الاخر لعنوان صفحته بشبكة التواصل الاجتماعى (الفيسبوك).

**الكلمات الدالة:** العوامل الاجتماعية، الشبكات الاجتماعية والفيسبوك

# Factors Affecting People of Using Nicknames on Facebook Account Instead of Using their Real Names

## "An online-based survey in the Kurdistan region of Iraq"

**Abstract:**

Currently, the world we live-in go through many changes by way of different means and rates. These changes have an impact on the society (in general) and into an individual (in particular). One of these changes happens of human relationships, particularly through Internet communication, especially through social network sites. Thus, social networking sites have rapidly become one of the most popular tools for social interaction and information exchange. A social network, which has become popular recently, does not know any geographical boundaries and does not have a specific time to be used either positively or negatively. Today, social networks sites have changed the way of human communications to great extent. Communication with or within universities, Newspapers, media channels, libraries, Museums, Markets, banks, software and electronic games of such facilities can be easily available for many people around the world and for different purposes. This means that anyone can get everything/anything, at everywhere/anywhere at any time without any boundaries restriction. In addition, from an unpretentious beginning as a platform, social networks sites like "Facebook" plays an important role for this present generation for sharing images, personal information, joining groups of friends, writing common interests, and supplementing traditional social interactions. Hence, this brings changes to many different fields.

This study aims in revealing the factors that people using nicknames on Facebook account and why they are not free to use their real name. The study is based on quantitative research method, using a questionnaire in the Kurdistan region of Iraq. An online-based survey was generated from snowball sampling. There were 84 male respondents and 23 female respondents. The study mainly found that, social factors such as distrust society member or suspicion another gender are the main factors that force Kurdish person not to use his/her real name on Facebook account.

**Keywords:** Social factors, social networks and Facebook.